**کۆمەڵەچیرۆك**

# پیخەفیك لەخۆین

**یوسف عزالدین**

## ئەو

پاش ئەوەی کە بەڕێکەوت، خۆوم لەژێر گۆمەزێکی شوشەییدا بینیەوە، سەرەتا هەموو شتێك بەئاساییی هاتە بەرچاوم.. هەر لەپانتای بێ کۆتای نێو گومەزە کە و چەشن و شێوەی ئەستێرەکانی ئاسمان و بۆنی مێخەك و بووخورد و گوڵاویش، کە پێدەچوو تایبەتمەندییەکی ئەو شوێنە بێت.

جارجارە دەنگێکی ناسك، بەچەشنی شنەبایەك هەستی فێنکی و ئارامیی تێدا دەبزواندم... ساکاری و سادەیی شوێنەکە، زیاتر بووە مایەی دڵنیاییم و بێ دوو دڵی لیی راکشام.

سەیرترین و نامۆترین ساتی ژیانم، ئەو دەمە بوو کە پێڵوەکانم لیك ترازان.. لەجێی گومەز و ئەستێرە و بۆنی مێخەك خۆم لەجێگەیەکی دیکەدا بینییەوە.

هۆڵێکی فراوان و سپی، پەنجەرەیەکی گەورە دەیڕوانیە سەر دەریایەك و بەئاسانی نەوڕەسەکانت دەبینی، تابلۆی کچۆڵەیەك، کە لەنێو چاڵە قەبرێکدا راکشابوو، بۆ تاوێك سەرنجی راکێشام.

ئینجانەیەك کەلەسەر مێزێك دانرابوو، گوڵێکی سەیری تێدا رِوابوو..

نە تەواو بەگوڵی راستی دەچوو.. نە ئەوەش بوو، بەتەواوەتیی لەگوڵی دەستکرد بچێت.

لەسەر کورسیەکی بەرز و درێژ راکشابووم.. لەوەدا بوو کە هەستمە سەرپێ، کاتێك کەسێکی بەتەمەن، لەبەردەممدا قووت بۆوە و بەدەستەڕاستی ئاماژەی بۆ سەدریەکەی بەری کرد، کە لەسەر گیرفانی سەرەوەی سەدرییەکەی (دکتۆر) نوسرابوو.

پاش تاوێك ژنێکی پرچ سپی، بەدەنگێکی نەرم و نیان گاز کرد.. ژنە بەپەلە هاتە لای و بۆ تاوێك لەنێو چاوی یەکتریان روانی.. دەمزانی باسی من دەکەن، بەڵام نەدەکرا هیچیان لێ حاڵی ببم.

پاش کەمێك، دکتۆرەکە بەتەباشیرێکی سوور کەوتە نوسین و سەر تاخواری تەختە رەشە کۆنەکەی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوو، رەش کردەوە.

بەسەر سامییەکەوە گوتم:

(تەواو لەدەست خەت و زمانی نووسینەکەتان حاڵی نابم.. نازانم دەتانەوێت، چیم پێ بڵێن!!؟).

ژنە پرچ سپییەکە، تەباشیرەکەی لەدکتۆرەك سەند و بەخەتێکی درشت و بەزمانێك کە دەکرا بیخوێنمەوە، نووسی:

(تۆ لەنێوان، هەموو خەوتن و هەڵسانەوەیەکدا!؟).

زۆر چاوەڕێم کرد، شتێکی تریش بنوسێت و چمکێکی وەزعەکەم بۆ روون بێتەوە، بەڵام هیچی دیکەت نەنوسی، بەقوڕگێکی گیراو و لەرزۆکەوە تەنها وشەیەکی لەزار هاتە دەر و گوتی:

(ئەو....)

لەدڵی خۆمدا گوتم:

(ئەو کێیە!؟).

پاشان هەر لەخۆمەوە، کەوتمە تەماشا و لێبوردنەوەی خاڵێکی رەشی نێوچەوانی دکتۆرەکە.

کە بەئاگا هاتمەوە، لەکەنار دەریایەکدا راکشابووم.. گەرچی پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر، دکتۆرەکە قەناعەتی پێکردم.. کە کەلەهەمان ژوورەکەی پێشوودام، گەرچی زۆر دڵنیا نەبووم لەوەی کەلەوێدا بم!؟

بەڵام نازانم بۆ گوتم:

(ئەو گوڵەی نێو ئینجانەکە، چەند جوانە).

ژنە پرچ سپییەکە بەخێرایی وەڵامی دامەوە و گوتی:

(بەڵام ئەمڕۆ ئینجانەکەمان لابردووە).

لەپڕ گوتم:

(ئەی تابلۆکە!؟).

دکتۆرەکە وەڵامی دامەوە و گوتی:

(هیچ کاتێك، لەم ژوورەدا تابلۆمان هەڵنەواسیوە).

ساتەکانی منداڵی و رابردووی خۆمم، بەتەواویی وەبیر نەدەهاتەوە.. هەردەم وەك وێنەیەکی تەڵخ، دەهاتە پێش چاوم.

حاڵەتێکی سەیر بوو، پاش هەموو خەوتن و هەستانەوەیەك.. خۆم لەنێو ژیانێکی نویٚ و جودا دا، دەبینییەوە، خۆم لەشێوازێکی دیکەدا و لەجێگەیەکی نوێدا دەبینییەوە.. بەناوێکی جودا و کەسایەتییەکی نوێوە، ناچار دەبووم کە ژیان ببەمە سەر.

هەروەك چۆن، ئیش و کار و ناوم گۆڕانیان بەسەردا دەهات.. هەر ئاواش، ئیش و کار و ناوی کەسەکانی دەوروبەریشم، دەگۆڕا... هەنگاو هەنگاو، پێم وابوو کە لەشتێك نزیك دەبمەوە.. پاش تەواو بوونی، ڕێگە خۆڵاوییەکە.. شارۆچکەیەکی رووخاوم لیٚ وەردەکەوت، هەر هەنگاوێکم، زیاتر نزیکی دەکردمەوە و رونتر و ئاشکراتر، ماڵۆچکە رووخا و شوێن پردە دێرینەکانم دەبینی.

مێژوو مانایەکی سەیر و سیحراوی هەبوو.. ئێستای هەنگاوەکانی من و رابردووی ڕێگە و بەرد و دارە رزیوەکان.. دەستەملانێی یەکدی دەبوون و شتێکیان دەدرکاند، شتیك کە لە چەندەها وشە و دێڕ و خاڵ و فاریزە و نیشانەی سەرسوڕمان و پرسیار پێکهاتبوو.

شتێك کە ئەندێشە ئاسا، لەزەینمدا جێگەیەکی بۆ خۆی دەکردەوە، شتێك کە ئۆقرەی پیٚ نەدەگیرا و گینگڵی دەدا، شتێك کە نەدەکرا بیدرکێنم.

حەوسەڵەی ژماردنی هەنگاوکانم نەمابوو!!؟

دەمزانی ئەمەش چەشنێکە لەخەون و زۆر ناخایەنێت.

یەکەم ساتی ترازان و ون بوونم، لەو دەمەوە دەستی پێکرد.. کە نزیك دەریاکە بوومەوە.. لەوێوە هەروەك ئەوەی کەسێك ڕێنوومایم بکات و ڕێگەم پیشان بدات، ئاوا بەرەو دارستانەکە کەوتمە ریٚ و لەوێدا و لەپاڵ دارێکدا و بەدەر لەویستی خۆم، پێلوەکانم لێك نا.

هەموو ئەو کەسانەم، دەهاتە پێش چاو.. کە پێشتر ناسیبوومن و لەگەڵیاندا ژیابووم، تەنانەت مردووەکانیش!؟

گەرچی منیان نەدەناسییەوە.. بەڵام دواتر و بیٚ ئاگایانە، رۆڵی هەمان ئەو کەسانەیان دەبینی، کە پێشتر ناسیومن.

بۆ جارێکی دیکە، کە لەژووری دکتۆرەکەدا، بەئاگا هاتم ژوورەکەی تەواو لەگۆڕەپانی تۆپ تۆپێن دەچوو.. دوو گۆڵی بەرامبەر بەیەك و تۆپێك لەناوەڕاستا.. دکتۆریش، جلی حکەمی لەبەرکردبوو..

گەرچی بێجگە لەدکتۆرەکە کەسی ترم نەدەبینی.. بەڵام هەر وەك ئەوەی یارییەکی راستەقینە بێت.. دکتۆر جارجارە فیکەی لێدەدا، و ناو بەناویش کارتی زەرد و سووری دەردەهێنا.

پاش تەواو بوونی یاریەکە گوتم:

(ئاگام لەهەموو یارییەکە نەبوو).

دکتۆر بەزەردەخەنەیەکی پڕ ماناوە تێی روانیم و گوتی: (یاری چی!؟)

یەئس و بێهودەیی لەو ساتەوەختەدا، تەنگیان پیٚ هەڵچنیم و بۆ تاوێك روانیمە گۆشەیەکی ژوورەکە و پاشان بەتیلەی چاو تەماشای دکتۆرەکەم کرد..

ئەویش لەنێو دەفتەرێکی کۆندا، وێنەیەکی دەرهێنا و پیشانی دام و گوتی:

(بیرت دێت، پێش پانزە ساڵ لەمەو پێش. لەباڵێوزخانەی -؟-.. ئەم وێنەیەمان پێکەوە گرت).

زارم هەڵهێنا و گوتم:

(من ماوەیەکی کەمە دێمە عیادەکەتان و ناشێت لەو زەمانەدا یەکترمان ناسیبێت).

دکتۆرەکە زۆر بەباوەڕ بەخۆبوونەوە گوتی:

(بەڵام ئەوەی کە دەیبینی حەقیقەتە، ئەم حاڵەتە دەروونییەت، بووەڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی کارە نهێنیەکەدا. جا پێش ئەوەی (ئەو) بەتەواویی تووڕەو کەلەیی بێت، دەبێت کارەکە بەئەنجام بگەیەنیت).

دکتۆرەکە دەمانچەیەکی لەچەکمەجەی مێزەکەی هێنایە دەر و بەدوو دڵییەکەوە، دایە دەستم.

لەسەرەخۆ لێم پرسی:

(چی بکەم؟!)

پاش تاوێك بێدەنگی و هەناسە هەڵێشانێکی قووڵ، گوتی:

(لەپاش ئەم ساتەوەختەوە، خۆگێل کردن فریات ناکەوێت.. یان ئەوەتا، پاش بیست و چوار سەعات، ئەوەی کەپێت راسپێردراوە.. بەئەنجامی دەگەیەنیت، یاخود!!).

هیچم نەگوت..

پاش رامان و وورد بوونەوەم، لەپەڵە هەورە رەش و تووڕەکان.. هێندەی تر، زەینم کوێر بۆوە و ئەوەی دەشمزانی لەیادم چۆوە.. زۆر بەخێرایی ساتەکان بەهەدەر دەچوون و زیاتر ئەو دەنگە ئاشنایەم وەبیر دەکەوتەوە.. کە دەیگوت:

(دەبێت بیکوژیت).

لەبەرخۆمەوە بەردەوام، ئەو دێڕەم دووبارە دەکردەوە و دەمگوت:

(کێ بکوژم).

هەروەك ئەوەی، کە دکتۆرەکە هەر لەنزیکمەوە بووبێت و ئاگای لەهەموو شتێك بێت، بۆ دواجار گەیشتە لام و هێمنی کردمەوە و لەسەرەخۆ گوتی:

(دڵنیابە لەوەی کە جارێکی تر بێزارت ناکەین.. -ئەو- ئیدی هیچی لەتۆ ناوێت).

لەوەدا بوو، کە بپرسم (لەمەودوا بۆم هەیە ئازادانە خەون ببینم)

دکتۆرەکە، هێدی و لەسەرەخۆ. دەمانچەکەی لەدەست دەرهێنام و پاش ئەوەی چوار هەنگاو، لەمن دوورکەوتەوە...

گەیشتمە ئەو یەقینەی، کە ئەستەمە جارێکی تر.. خەون ببینم!!؟

### ئەو جگەرە تەڕانەی کە نەمانکێشا

بوولێڵی ئێوارەیەکی سارد و سڕبوو، ئەو دەمەی کە من و ئەو هەوڵی کێشانی ئەو جگەرە تەڕەمان دەدا.. کە لەنێو قوتویەکی ژەنگاویدا دانرا بوون، هێندە تەڕبوون کە بەئەستەم، دانە دانەی جگەرەکانمان بۆ بەرزدەکرایەوە، هەموو جارێك پێش ئەوەی کە تووشی نێو کاغەزی پێچراوی جگەرەکە، ئاگر بگرێت....

لەنێوە راستەوە دەشکا...

پاش سەعاتێك، سەری قوتوە ژەنگاویەکەمان داخست.. کە پێدەچوو، چەندی جگەرە لێدەربهێنێت، هێندەی بچێتەوە جێ.

بەکۆڵانێکی پێچاوپێچی تەسك و تروسکدا هەڵگەڕاین و پێش ئەوەی بگەینە کۆتایی کۆڵانەکە... سەرێکم هەڵبڕی و روانیمە دەموچاوی ئەو.. هێشتاکە بەتەواوەتی لێی رود نەبوو بوومەوە، کە گوێم لەدەنگی دوو ئافرەتی بەتەمەن بوو، بەزمانی خەڵکانی ئەو وڵاتە دەدوان.. کە دەمێك ساڵ بوو، جێم هێشتبوو...

هەردووکیان رەش پۆش بوون و لەبەردەم دەرگایەکی گەورە راوەستابوون.

پاش ئەوەی پێنج شەش هەنگاوێك، لەو ناوە دوورکەوتینەوە.. ئەو گەڕایەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە دوو ئافرەتەکەی لێ راوەستابوون!؟ بەناچاری وەدووی کەوتم و بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، هەردوکمان چووینە نێو کۆشکێکی گەورەوە.. پاش ماوەیەك، چووینە نێو ئەو هۆڵەی، کەکابرایەکی کەڵەگەتی رەشتاڵەی تێدابوو.. بەدەم شەراب خواردنەوە، دەیڕوانییە ئەو کچۆڵە گەنجانەی، کەسەمایان دەکرد.. ئەو دەستی بۆ میوەیەکی قەبارە گەورە و سەیری نێو قاپێکی زیوینی، سەر یەکێك لەمێزەکانی نێو هۆڵەکە برد و پێش ئەوەی بێگەیەنێتە دەمی لەنێو پەنجەکانیدا، وەك تەمێکی سپی لێهات و پاشان نەما...

بەکاوەخۆ یەکە یەکەی ژوورە رازاوە و جوانەکانی نێو کۆشکەکە، گەڕاین...

چیت ویستبا لەکەلوپەلی سەیر و شتی دانسقە و عەجایب.. لەنێو سووچ و پەنای، ژووره ڕەنگاو ڕەنگەکانی کۆشکەکەدا، بەدیت دەکرد!!؟

پاسەوانە تایبەتییەکانی، کابرا ڕەشتاڵەکەشت، لەدالان و ڕاڕەوە پەنادیوار و نزیك دەرگا و هەموو سووچ و گۆشەیەکی دەرەوەی ژووره داخراوکاندا دەبینی.

هەموو شتێك ئاسایی بوو.. تا ئەو کاتەی.. کە ئەو، دەستی بۆ ئەو قوتووە ژەنگاوییە برد کەکۆمەڵێك جگەرەی تەڕی تێدابوو.

پاسەوانی تایبەتی، پشت دیواری ئەو ژوورەی.. کە قوتووە ژەنگاوییەکەی تێدابوو، ئێمەی بەدی کرد و هێندەی کە هەوا لە سییەکاندا بوو..

فیکەیەکی توند و درێژی کێشا.....

لەحەژمەتا، بەپەیژەیەکی نێو هەمان ژووردا... هەڵگەڕاین و چووینە نهۆمێکی تری کۆشکەکە.. دواتریش بەپەلە، من و ئەو.. بە قادرمەیەکی دوور و درێژدا، ڕامانکردە سەرێ و خۆمان لەسەربانێکی کاشیکراودا بینییەوە..

هەموو پاسەوانەکان دەورەیان گرتین و بۆ سەعات و نیوێك، یان ڕەنگە زیاتریش.. پێکەوە چاوەڕێی کابرا ڕەشتاڵەکەمان کرد، کەکابرایەکی ڕەشتاڵە، بەخنەخن و هانگە هانك هاتە سەر و لەنێوەڕاستی پاسەوانەکانەوە وەکو ئەوان.. کەوتە لێوردبوونەوە و تێڕوانینمان، ئینجا من و ئەو هەستمان بەوەکرد.. کە هەر هەموویان، نەك هەر تەنها هێندەی یەکترە، ڕیدێنیان هێشتۆتەوە بەڵکو شێوەشیان کتومت لەیەك دەچێت.

بێدەنگ و بەبێ قسە...

چاوەڕێی هاتنی شتێك، یان کەسێکیان دەکرد ؟!

هەرکە دەنگی کۆکەی کەسێکی بەتەمەن و ئیختیار.. لەخوارەوەی ئەو قادرمەیەوە هات، کە دەهاتە سەربانەکە.

پێنج شەش پاسەوان بە پیریەوە چوون ستاندێکی تەختە و پاشان کامێرایەکی مۆدێل کۆنیان.. هێنایە سەر و پاش بگرەو و بەردەیەکی زۆر، وێنەیەکی من وئەو، بەتەنیا.. پاشان وێنەیەکی من و ئەو هەموو کەسەکانی سەربانی کۆشکەکەی پێکەوە گرت.

گەرچی وا چاوەڕێ بووین، کە بەقادرمەکاندا بمانبەنە خوارێ و لەشوێنێکی نێو کۆشکەکەدا زیندانمان بکەن، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە گوریسێکی درێژ و قەوییان لەنێو قەدمان بەست و بەراکێش ڕاکێش و بگرەو بەردەی هەموویان..

لەسەربانی کۆشکەکەوە، بەرەو خوار شۆڕیان کردینەوە.. هەر کە پێمان کەوتە سەر عەردی کۆڵانەکە، زۆر بەئاسانی گوریسەکەمان لەنێو قەدمان کردەوە و تا پێمان کرا هەڵاتین!!!؟

بولێلێ ئێوارەیەکی سارد و سڕبوو، ئەو دەمەی کە بردیانینە، نیو ئەو ژوورەی.. کە موحەقیقە پیرەکەی تێدا بوو، پرسی  و گوتی: (باشە کێ هەیە، هێندەی ئێوە بەجورئەت بێت و چوبێتە نێو ئەو کۆشکە مێژووییەوە!!؟)

پاش تاوێك، کەزانی هیچ وەڵامێکی نادەینەوە.. هەستایە سەرپێ و چووە بەردەم تاقە پەنجەرەیەکی ژوورەکەی.. کە بە بۆیەیەکی شەرابی و سەربەرەو خوار تا نیوەی بۆیە کرابوو...

سەرێکم هەڵبڕی و ڕوانیمە دەموچاوی ئەو... هێشتاکە بەتەواوی لێی وردنەبووبوومەوە... کەموحەقیقە پیرەکە، قتویەکی سەرئاوەڵای ژەنگاوی، لەبەردەمماندا دانا.. کە کۆمەڵێك جگەرەی تەڕی، تێدا بوو...

من و ئەو، لەوەدا بووین.. کە دەست بخەینە نێو قوتووە ژەنگاویەکەوە، کاتێك پیرە موحەقیق هاواری لێکردین و گوتی: (دەستی لێمەدەن، با شوێن پەنجەی زۆر پێوە نەبێت.. شوێن پەنجەکانی پێشووی ئەو بەسە...)

من و ئەو، لەپەناییێکی ژوورەکەی پیرە موحەقیقدا، تابەیانی نەخەوتین و هەر چاوەڕێی چاونوقاندن و خەوتنی بووین. تا لەفرسەتێکدا بتوانین سەر و جگەرەیەکی نێو قوتووە ژەنگاوییەکە دەربهێنن.

گەرچی دەشمانزانی... کە پێش ئەوەی توتنی نێو کاغەزی پێچراوی جگەرەکە، ئاگر بگرێت، لەنێوەڕاستدا دەشکێت!!؟ ئەو بێباکانە دەمی هەڵهێنا و بەکاوەخۆ گوتی: (ئەستەمە بتوانین، گەر بۆ تەنها جارێکیش بێت.. تەنها تەڕە جگەرەیێکی، نێو قوتووە ژەنگاوییەکە، بکێشین!!؟).

## ئەوانەی لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد

لەسەبانی بەرزی ساختمانێکەوە کە لەشوێنی نادیاری سەربانەکەوە کەسێك بەزمانێکی بیانی کۆپلەی گۆرانییەکی سەیر و سەمەرەی دووبارە دەکردەوە، دەمڕوانییە ئاسۆی بێ کۆتای زەردەپەڕ کە لەچەند خالێکدا دەستەملانیی دەریاکە دەبوو.

پووشەکایەکی زەرد، چواردەوری بیناکەی گرتبوو، نەك هەر بەری هەردوو دەرگای ساختمانەکەی گرتبوو، بەڵکو بەچەشنێ بەرزببوەوە، کە هێندەی بەرزی دوونهۆمی ساختمانەکە هاتبوو، لەنێوەڕاستی کەنارێکدا، بەتاقی تەنیا بەئاسماندا چووبوو، ساختمانەکە بەچەشنێك بەرز بوو کەترس و فۆبیای بەرزبوونە و کەوتنەخوارەوەی تێدا دەبزواندم.

هەستم بەکەمکردنی کێش و گچکەبوونی بارستە و چڕبوونەوەی جەستەم دەکرد کە ئیدی خۆم وەك باڵندەیەکی هەڵلەرزیوی بەرکزەبایەکی توند دەهاتە بەرچاو، پێم وابوو هاکا پێیەکانم لەسەر بانەکە دەبڕێت و بەردەبمەوە!

وام هەست دەکرد لەدەسپێکی بینینی خەونێکی سەیر و سەمەرەدا بم، بەچواردەوری ساختمانەکەدا و هێندەی پانتایی بێ بنەوپەی کەنارەکە کەسانێکی رەشپۆش، پیاسەیان دەکرد، بێ ئەوەی باران بباریێت یاخود گەرمی خۆرەتاوێك تەپڵەسەر و شان و ملیان بسوتێنێتەوە، چەترە رەشەکانییان هەڵکردبوو.

هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان شاردنەوەی رووکار و دەموچاویان بوو، گەرچی لەجێگە و شوێنێکی زۆر بەرزەوە، دەمڕوانییە هەموو ئەو کەسانە، بەڵام سەیر لەوەدابوو هەروەك ئەوەی لەنزیکەوە تێیان بڕوانم.. یان هەروەك ئەوەی لەپالیاندا بم، یان منیش یەکێك بم لەوانەی کە لەکەنارەکەدا پیاسە دەکەن، لەگۆشەنیگایەکی ترەوە چاوم بە رووکاریان دەکەوت و پاش دیتنی هەمویان، بەسەرسامییەوە ئاوڕم لەو کەسەدایەوە کە لەشوێنی نادیاری سەربانەکەوەهەمان کۆپلەی گۆرانیە سەیرەکەی دووبارە دەکردەوە، شکلّ و شێوەی هەر بەوانە دەچوو کە لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد.

نەمدەتوانی لەجێی خۆم ببزوێم و بەهیچ لایەکدا هەنگاو بنێم، زۆرجار هەموو پانتایی سەربانەکەم لێ دەبووە بازگەیەکی گچکەی داخراو کە تەنیا جێگەی پێلاوەکانمی تێدا دەبوەوە.

پاش تاوێك هەستم بەمەحالبوونی تێپەڕکردنی ئەو بازنەیەکرد، بێجگە لەنیگا و تێڕوانینم، هیچ شوێنێکی دیکەم نەدەبزوا، هەروەك ئەوەی جەستەم لەپەیکەرە ئێسك و خوێن و گۆشت و ماسولکە و دەمار و جومگەکان پێك نەهاتبێت.

تەنیا نیگاکانم دەبزوان و لەدیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە پەلیان دەهاویشت، هەروەك بینینی کەسێکی نائاشنا و نامۆ، بە بەردەوام خۆمم لەدەرەوەی خۆمەوە دەبینی،، هێشتاکە گوێم لەدووبارەبوونەوەی هەمان کۆپلەی گۆرانییەکە بوو.

بۆ جارێك دی کە روانیمە ئەو کەسانەیکە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، چەترە رەشەکانیان پێ نەبوو، گەرچی دەجوولان و بەملاو ئەولادا هەنگاویان دەنا.

بەڵام تێکڕا دەیانڕوانییە ئەو ئاڕاستەیەی کە من تێم دەڕوانی، گەرچی ئاڕاستە و گۆشە نیگایەکی تایبەت نەبوو، بۆ تێڕوانینم، لەهەموو ئاڕاستەیەکەوە و لەیەك کاتدا هەموویانم دەبینی، تەنانەت پانتایی کەنار و دەریا و ئاسمان و دوو پەڵە هەورە تێکەڵە و زەردەپەڕی ئێوارەشم دەبینی.

گەرچی لەسەرەتادا پێم وابوو، لەسەربانی ساختمانەکەدام، بەڵام دواتر بە تەواوی نەمدەزانی لەکوێدام.

زۆرجار وەکو تەماشاکردنی هەر کەسێکی دیکە، لەدەرەوەی خۆم، خۆمم دەبینی.

بەڵام دواتر دەکەوتمە گومانی ئەوەی تۆ بڵێی ئەوە من بم؟

پرسیارە جەنجاڵەکان سەرقاڵیان کردبووم، لەکاتێکدا لەپاڵ هەموو ئەوانەدا، کە لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، منیش وەك ئەوان پیاسەم دەکرد.

لەهەر گۆشە نیگایەکەوە کە بمەوێت تێیان بڕوانم، تێیان دەڕوانم.

لەهەمان کاتدا، من لەسەربانی ئەم ساختمانەدام و لەنێو بازنەیەکی گچکەی داخراودا راوەستاوم! دەنگی ئەو کەسەی کە لەشوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە گۆرانی دەگوت، گۆڕانی بەسەرداهات کەوتە گوتنی کۆپلەیەکی نوێ و بەئاوازێکی دی.

هەروەك ئەوەی ئەو زەردەپەڕەی ئێوارەیەت لەو ساتەوەختە تەلیسماوییەدا راوەستاندبێت، گەرچی بەحوکمی گۆڕانی و ئاواز و کۆپلەی گۆرانییەکە پێدەچوو زەمەنێك بەرێ چووبێت، بەڵام هەمیشە هەمان دیمەنی زەردەپەڕت دەبینی.

جلکی ئەو کەسانەی کە لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، تەنانەت شێوە و شکڵێشیان پیرتر و ئاغرتر ببوو.. ئەمجارەیان بە ئاڕاستەیەکی دیکە و جیاواز لەپێشوو هەنگاویان دەنا، هەروەك ئەوەی بارستە پووش و کا ودیوارەکانی ساختمانێکی زرت و زەلام رێگریان نەبێت، بەئاسانی تێپەڕیان کرد و یەك لەدوای یەك بەرەو شوێنێکی نادیار هەنگاویان نا.

گەرچی نەمدەویست لەگەڵیان بڕۆم، بەڵام بەدەر لەویستی خۆم، وەدویان کەوتم، بەدالآنێکی دوور و درێژدا هەنگاومان نا و بۆ چەند جارێك راوەستاین.

گوێم لەکەسیان نەبوو شتێك بلێت! یان ئاوڕ لەوەی دوای خۆی بداتەوە، بەڵام هەر وەکو ئەوەی ئەندێشە و هزری یەکدی بخوێننەوە، پێکەوە راوەستان و لەپڕ دەستیان بۆ دیواری دەستە راستی دالآنەکە برد.

هێندەی نەبرد یەکێکیان یەك دوو خشتی دیوارەکەی لادا و پاش تاوێك هێندەی قەبارەی دەرگایەکی مامناوەندی، دەرگایەکی کراوە وەدیارکەوت.

یەك لەدوای یەك چوونە نێوهۆدەیەکی فراوان، لەوەدا بوو کە دووایان بکەوم و بەدوویاندا بچمە ژوور، دەرگاکەیان پێکەوەدا، ئیدی نازانم چۆن خۆم لەنزیك کەنارەکەدا بینییەوە.

بەڵام کات، زەردەپەڕی هەمان ئێوارەبوون... پی نەدەچوو زەمەن بۆ چەند چرکەیەکیش، گۆڕای بەسەردا هاتبێت، لەشوێنێکی نادیاری سەربانێکەوە، کەسێك کۆپلەیەکی نوێی گۆرانییەکی سەیر و سەمەرەی دەگوتەوە، بۆ جارێکی تر روانیمە ئەوانەی کە لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، کەسم نەدی.

شەپۆلی دەریاکە بەتەواوی چواردەوری ساختمانەکەی دابوو، گەرچی کات، زەردەپەڕی هەمان ئێوارە بوو.

ئەو بازنەگچکەیەی کە تەنیا جێی پێڵاوەکانمی تێدا دەبۆوە، نەمابوو، سەرەتا پێڵاوەکانی خۆم بینی، تا دەهات نیگاکانم هەڵدەکشا، پانتۆڵێکی رەشی قەدیفە، کراسێکی سپی، دواتر ئەنگوستەکانم، مەچەك و قۆڵ و شانم، یەکە یەکە بەشە جیاجیاکانی لەشی خۆم دەبینی، دەستم برد بۆ سەرم، دواتر گوێچکە و لووت و دەم و ددانەکان، گەرچی ریزی پێشەوەی پێدەچوو بەشەق و لەقەی کەسێك شکێندرابێت، لەلای راستی زارمەوە خوێن قەتماغەی بەستبوو.

بازنەیەك نەمابوو هەنگاوەکانم شەتەك بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەتوانی هەنگاو بنێم و ببزوێم، گەرچی دەمتوانی خۆم لەناوەوەڕا ببینم و دیمەنەکانی دەرەوەش وەکو راستییەکی بەدەر لەخۆم ببینم.

هەستم دەکرد جەستەم لەپەیکەرە ئێسکێك و خوێن و گۆشت و ماسولکە و جومگە و دەمار پێکهاتووە، هەر لەو ساتەوە کە ئەو هەستەم تێدا بزوا، نەمدەتوانی لەدەرەوەی خۆم، خۆم ببینم، یان پشتە ملی کەسێك، کە رووی لێمە ببینم.

تەنیا لەسەربانی ساختمانەکەوە و بەیەك ئاڕاستەدا شتەکانم دەبینی، نیگاکانم چەق بەستوو لەخاڵێکدا، پێدەچوو بۆ دواجار زەردەپەڕی ئێوارەیەك بەسەر بکاتەوە.

کەنارەکەم نەدەبینی، ئاسۆ و زەردەپەڕ و دەریایەکی بێ کۆتا لەخاڵێکدا یەکیان دەگرت و نیگاکانیشم چەق بەستوو، تەنیا لەو خاڵەیان دەڕوانی.

نەدەکرا ببزوێم و هەنگاو بنێم.

لەشوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە کەسێك دواکۆپلەی گۆرانییەك.. پچڕ پچڕ.. بەئاوازێکی جیاواز.. پەیتاپەیتا.. دەیگوتەوە...

بەچەشنێك کە جارە جارە پێموابوو بڕیارێکی سەربازی دەخوێنێتەوە، گەرچی لەخاڵێکی چەق بەستوو زیاتر هیچی دیکەم نەدەبینی، بەڵام وام هەست دەکرد، هەموو ئەوانەی کەپێشتر، لەکەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد.

لەپێشمەوە راوەستابێتن، وەك یەك جاری بینینم، رەشپۆش بن و چەترە رەشەکانیان هەلکردبیێت، پێموابوو چاوەڕێی تەواوبوونی شتێکیان دەکرد، دەمویست دەم هەڵبێنمەوە و شتێك بڵێم.

بەڵام نەدەکرا هیچ بڵێم.

هەرو(هاکا پێیەکانم لەسەربانەکە دەبڕێت و بەردەبمەوە).

ةك ئةوةي لةكؤتاييةكاني بينيني خةونيَكي سةير و سةمةرة نزيك بووبيَتمةوة بةشيَكي دةستيَكي خةونةكةم وةبير هاتةوة.

ئەودیو دەرگا کۆنینەکە...

بەرامبەر دەرگا کۆنینەکە راوەستام و قەدەرێك تێم روانی، هەموو شتێك وەك خۆی بوو.. تەنها کەڵلەسەری کەڵەکێوییەك زیادی کردبوو، کەنەمدەزانی کێ راوی کردووە و بۆ لەوێدا هەڵواسراوە.. بێهودە تێم دەڕوانی و دەمویست لەچاوەکانیدا سەرە داوی بەسەرهاتێك ببینمەوە.. دەمڕوانییە هەموو ئەو پیادە رەوانەی کەبەوێدا تێپەڕ دەبوون.. بەڵام سەیر لەوەدا بوو، کەس تێی نەدەڕوانیم، هەروەك ئەوەی کەنەبم...

پیرێژنێکی بەساڵاچووم راگرت و پێم گوت:

(ئێرە ماڵی کێیە؟

-ماڵی پیرەمێرد و پیرێژنێك بوو، بەبێ کەسی سەریان نایەوە وئێستاش ماڵەکەیان چۆڵە.

-ئەی کوڕەکەیان، چی لێهات؟

-کوڕی چی؟ من بیست ساڵ دراوسێیان بووم، منداڵیان نەبووە!

-ئەی من ناناسیتەوە؟

-من کەس ناناسمەوە....)

گومانم لەقسەی ئەو پیرێژنە هەبوو.. گومانیشم لەوە هەبوو که ئەو ماڵە چۆڵ بێت.. بەڵام چەندم لەخۆم کرد، زاتم نەکرد، لەدەرگا کە بدەم یان وەك جاران لەسەر دیوارەکەوە خۆم هەڵدەمە ئەو دیوەوە و بچمە ژوورەوە.. بەبێ ئەوەی ئاگادارم لەبەیانییەوە لەبەردەم ئەو دەرگایەدا هەڵتروشکابووم ... وام هەستدەکرد، هەموو ئەوانەی بەبەردەممدا گوزەردەکەن، نامبینن یان نەیاندەویست ممبینن...

نمەی باران تێکەڵ بە فرمێسکە ساردەکانم دەبوو، کەدەمێك بوو پیلوەکانیان تەڕ نەکردبووم.. باییکی ساردیش گەمەی بەگەڵا زەردەکان دەکرد، کە دەمێك بوو نەمروانیبووە وەرینیان.. پێش ئەوەی ئەوێ جێ بهێڵم کەڵلەسەرەکە سەرنجی راکێشم و روانیمە قۆچێکی شکاوی، کە ئەوەندەی تر سەر و سیمای خەمناك و بێزار کردبوو.. نازانم بۆ واهەستم دەکرد، رەنگە من ئەو قۆچەیم شکاندبێت.. کوچە و کۆڵانەکان نەیاندەناسیمەوە و سامێکی ترسناکم لەپێچ و پەناکاندا دەدیتەوە.... دەبوو خێراتر لەو گەڕەکە شوومە هەڵبێم.. هەنگاوەکانم خێراتر لەو گەڕەکە شوومە هەڵبێنم.. هەنگاوەکانم خێراتر کرد و لەبەردەم کلێساکەدا هێور بوومەوە و روانیمە ئەو خاچەی کە قەبارەی لەجاران بچووکتر بۆوە و شوێنەکەشی گۆڕابوو....

من تەنها پێنج ساڵ ئەو ماڵ و گەڕەکەم جێهێشتبوو.. بەڵام نازانم بۆوا هەستم دەکرد سەدەیێك بێت.. تەنها سەفەرێکم کردبوو، دەشبوو ئەو سەفەرەم هەر کردبا!؟

زۆر لەقسەکانی سەرۆك تیمەکەم هاتەوە یاد:

(دکتۆر، دەبێ ئەو شتانەی کەدەیبینیت و ئەوانەشی کەپێی هەڵدەستێت، تەنها نهێنییەك بێت و هەرگیز نەیدرکێنێت.

-بێگومان..

-دەبێت ئاگادار بیت، درکاندنی مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانت، یان رەنگە....!؟).

پێش ئەوەی سەفەرە سەیر و سەمەرەکەمان دەست پێبکات، لەژوریکی دوورە دەستی قەراغ شاردا، شەوێکم بردە سەر و تا رۆژ بۆوە هەر نەخەوتم.. نازانم بۆ تەنها ئاکاری دڵە سەگێکم دەهاتە بەرچاو، کە لەهەموو جێگەیێکی ژوورەکەدا هەبوو.. بەڵام سەیر لەوەدا بوو تێی نەدەڕوانیم!؟ پێش ئەوەی قاتە رەشەکەم بپۆشم و خۆم ئامادە بکەم و ژانتاکەم بپێچمەوە.. ونبوونی گۆرەوییە سپییەکانم لابووە کیشەو تائێستاش لەنهێنی ون بوونی نەگەیشتم...

بەیانی چەند ئوتومبیلێك، لەبەردەرگای ژوورەکەدا راوەستان و بەپێی پەتی پەلکێشیان کردم و منیان لەئوتومبیلێك هاویشت، کە شۆفێرەکەی گزگلێك بوو، بەئەستەم پێشەوەی خۆی دەبینی.. هیچ هەستم بەترس نەکرد و دوودڵیش نەبووم، دڵنیابووم لەوەی ئەمە یەکێکە لەتاقیکردنەوەکانی سەرۆکی تیمەکەمان...

نازانم چەند جێگە و شوێنمان کرد و لەکوێشەوە چوینە کوێ... چونکە بەدرێژایی سەفەرەکە خەوتبووم.. یان دەمویست وەك خەوتوویەك خۆم بیشان بدەم!

هێندەم خۆش بوو، تاخۆم لەگۆڕەپانێکی گەورەدا بینییەوە..

حەشامەتێکی گەورە پێشوازییان لەتیمەکە کرد و لەهەموویان ورد بوونەوە.. تەنها من نەبێت... ڕەنگە لەوێ نەبووبیتم.. هەموویان دانیشتن.

تەنها من نەبم.. چونکە کورسییەکان بەقەدەر ژمارەی ئامادەبووەکان بوو، گەرچی بەزۆر زمان لەوێدا  قسەو باس دەکرا، بەڵام لەوەحاڵی بووم، باسی تاوانێکی ناوازە دەکرێت و تاوانبارەکەش لەوێدا ئامادەیە.. هەر کەباس لەتاوانبارەکە دەکرا، کامێراکان وینەیان دەگرتم و پەیامنێرەکانیش دەنگیان زوڵاڵ تر و قەوی تر دەبوو... پرسیارەکان هێندە زۆر بوون.. کەچەندەها پرۆفیسۆر وپیاوی کارامە فریای وەڵامدانەوەی نەدەکەوتن... نازانم چەند خەوتم، بەڵام دەمزانی خەونێکی سەیرم بینی...

(لەهۆڵێکی سپی گەورەدا خۆم و تیمەکە دەمانڕوانییە جەستەی کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو... پاش ئەوەی ڕاپۆرتێکیان لەسەر حالەتی ناوازەی ئەو کچۆڵەیە خوێندەوە و ئاماژەیان بۆ نەبوونی ڕێگەچارە کرد و فەشەلی زانستیان ڕاگەیاند.. نەشتەرگەریەکەیان بەمن سپارد و پاش تاوێك هەرمن و ئەو جەستەیە لەژوورەکەدا ماینەوە....).

کەللە زلێك شتێکی پێداکێشام و بێداری کردمەوە.. سەرۆك تیمەکە لێم نزیك بۆوە و پەڕەیەکی نووسراوی دایە دەستم و فەرمانی پێکردم کە دەبێ بیخوێنمەوە.. بێ سێ و دوو کەوتمە خوێندنەوەی ئەو پەڕەیەو تەواو دەنگم هەڵبڕی:

(-بەڕێزان ئەو کچۆڵەیەی کەپێشتر باسی لێوەکرا، تەنها جەستەیێکی ساف و لووس بوو.. هیچ کۆنۆچکەیەکی دەردانی ئارەق لەجەستەیدا نەبوو.. هەر بۆیە تەنها لەمیانەی زمانیەوە، کەبەردەوام لەدەرەوە بوو هەناسەی دەدا... منیش پاش ئەوەی نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك زمانیم گەست...).

پاش تەواوبوونی قسەکان، بۆ ساتێك کەس نەبزوا و پاشان سەرۆکی تیمەکە کە نەڕاندی

(-کەس گوێی لەهیچ نەبووە، دەبێت بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا دووبارەی بکەیتەوە....)

چەند جاریك بەدەنگی بەرز دەقی نووسراوەکەم خوێندەوە کەس گوێی لەهیچ نەبوو... بەڵام خۆم هەموو وشەکانم بەچاکی دەبیست..

سەرۆك تیمەکە و چوار کەسی تر، لەوەدا بوون کەپانتۆڵەکەم دابکەنن... نازانم چۆن بوو گوتم: (مەکەن)...

سەرۆك تیمەکە سەری راوەشاند و پێی گوتم:

(-ئەوەتانێ دەنگت هیچ عەیبی نییە؟!)

ئەمجارەیان بەخێرایی کەوتمە قسەو گوێم لەهیچ وشەیەکی خۆم نەبوو...

بەڵام بەئاکار و سەروسیمای حەشامەتەکەدا دیار بوو، گوێ بیستی بەسەرهاتی تاوانەکەن... ئەو تاوانەی کەنەمدەزانی کەی و چۆن ئەنجامم داوە...

دەموچاوەکان گۆڕان و پاشان بوونە سەدەها لافیتە و پۆستەری ڕەش ... وەنەوز پێڵووەکانی پێداخستم و نازانم چۆن لەنێو ئەو گۆڕەپانەداخەوتم... ئەوەندە دەزانم پاش بیدابوونەوەم، هیچ ناسنامە و بەڵگەیەکم نەدیتەوە کەمن کێم و بۆ لێرەدام... بەڕێکەوتیش کەسێك کەنەمدەناسی منی لەوێوە گەیاندەوە ئێرە.. بێهوودە بەشوێن شتێکدا دەگەڕام، کە نەمدەزانی چییە؟ بۆ کەسێك دەگەڕام کە نەمدەزانی کێیە.. بەشوێن ماڵێکدا دەگەڕام،کەتەنیا لەخەونمدا بینیبووم!!؟

پاش شەش مانگ گەڕان لەم شارەدا، کچێکی پرچ سوور، بەبێ ئەوەی لەگەڵمدا بدوێ ڕۆژنامەیەکی کۆنینەی دامێ.. مێژوو و ژمارە و ناونیشانەکەیم بۆ نەخوێندرایەوە، یان ڕاستر بڵێین لەسەری نەبوو.. تەنها ماشنێتی ئەم هەواڵەم بەچاکی دیتەوە:

(دکتۆرێك لەعیادەکەیدا، تەعەدا لەنەخۆشێکی خۆی دەکات و پاش دوو کاژێریش نەخۆشەکە گیانی لەدەست دەدا...)

ئەو هەواڵە هیچ نەیووروژاندم و هیچیشی لادروست نەکردم.. هێندە نەبێت لەو ڕۆژەوە بەردەوام کوچەوو کۆڵانەکانی شار دەگەڕێم و بێهوودە بەرامبەر دەرگا کۆنینەکان رادەمێنم و لەئاکاری هەموو پیادەڕەوەکان ورد دەبمەوە... دەستی پیرێژنەکان ماچ دەکەم و لەگەڵ پیرەمێردانیش گوزەر دەکەم...

لەپاش بینینی مانشێتی ئەو ڕۆژنامە کۆنینەیە.. جارجارە ئاکاری ئەو دێڵە سەگەم دیتەوە یاد، کە بەمنداڵی پاش ئەوەی ڕاکەڕاکەی گەرەکم پێدەکرد.. زمانی چەند بستێك دەهێنایە دەر و منیش هەر ڕەحمم پێنەدەکرد..

بە بەردەوام دەگەڕام و چاوم دەگێڕا...
دەچوومە نێو حەشامەتەکان و سەیر لەوەدابوو، باس لەمن نەدەکرا، لەلافیتە و پۆستەرەکان ورد دەبوومەوە و ناوی خۆم نەدەدیتەوە..
بێجگە لەو رۆژنامەیەی کەبێ ژمارە و ساڵ و ناونیشان بوو، لەهیچ رۆژنامەیەکی کۆنینەی تردا باسی خۆم نەدۆزیەوە...
لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا، بەرێکەوت لەیەکێك لەکەلاوەکاندا گیرسامەوە و پاش ئەوەی تاوێك لەدەرگایەکی کۆنینە رامام... نازانم چۆن بوو، دوا وتەی سەرۆکم وەبیرهاتەوە... کەلەشەوێکی ئاوادا لەیەکێك لەژێر زەمینەکاندا، زۆر بەدڵنیاییەوە پێی گوتم:
(تازە تۆ ئەو دیو دەرگا کۆنینەکەی نابینیتەوە...).

**پێخەفێك لەخوێن..**

-1-

دڵۆپە خوێنەکان وەك ساڵانی تەمەن لەقوڵایی زامێکی کۆنەوە دروست دەبوون و بەبێدەنگی بەردەبوونەوە.. لەبەشی سەرەوەی ژوورێکی تەڵخدا، پێخەفێکی بۆر هەروەك ئەوەی کەسێك زامداری کردبێت، خوێنی لێ دەرژیشت.. دووپشکێکی رەش بەمردوێتی لەدو توێی کتێبێکی زەرددا خەوتبوو.. دڵۆپە خوێنەکان لەسەر عەردەکە رێچکەیان دەبەست و دەبوونە چنگێکی رەش و بەسەر شوشەی پەنجەرەکەدا هەڵدەزنان، بەرەو پانکە کۆنینەکە خۆیان دەکوتا و هێندەی تر رەشیان دەکرد... قرژاڵێك لەنێو بلووری چرایەکدا بەبێدەنگی خەوتبوو...
گەرما ژووره لیخنەکەی فوودەدا و بینایی لێڵ دەکرد.. هەموو شتێکی نێو ژوورەکە ئارەقەی دەردەدا.. تەنها پێچەفەکە نەبێت، بەبێ وەستان خوێنی لێ دەچۆڕا.. ئەو پێخەفەی کە لەهەوەڵی تەمەنیدا شتێکی کاڵبوو، پاشان بووە عەبایەکی رەش و ئێستاش وەك خاکی کوشتارگایەك.. دێتە پێش چاو.. سیگارێکم لەچای وشك پێچایەوە و کێشام.. دووکەڵ و هەڵم و گەرما، بەهەموو لایەکدا خۆیان دەکوتی و تەنها نزیکی پێخەفەکە نەدەبونەوە، ئەو پێخەفەی کەپێش سەعاتێك هێنرایە ئێرەو بەرامبەر بەمانەوەشی، ئەم پەساپۆرتەیان دامێ.. بەڵام بۆم نەبوو، لەجێی خۆم بجولێمەوە و تێی بڕوانم، تەنانەت بۆشم نەبوو لێیان بپرسم، چییەو بۆ دەیهێننە لای من.. بۆنێکی سەیر.. لەپێخەفەکە دەهات و سەری وەگێژ دەهێنام و لەدەریاچەی خەونێکی ئەفسووناوی نزیکی دەکردمەوە.. بەڵام نەدەبوو پێڵوەکانم لێك بنێم و بخەوم.
ئەو پیاوەی کەلەبەراز دەچوو، پێی گوتم: (تا ئەم پێخەفە لێرەدا بێت، تۆ بۆت نییە بخەویت.. بۆت نییە بدوێیت,, بۆت نییە دەرگا و چەنجەرە بکەیتەوە.. بۆت نییە هەناسە بدەیت.. نەبا پێخەفەکە بەئاگابێت..)
ئەوە بۆ دووساڵ دەچێت من لەم ژوورەدا دەگوزەرێم.. پاش هەڵاتنم بەزۆر کارەوە خۆم سەرقاڵکرد و دواجار بوومە تەزویرچی و ژوورەکەشم کردە کاروان سەرای موسافیرەکان و بەردەبازێك بۆ پەڕینەوە.. بەڵام تائێستا هیچ پێخەفێك بەمیوانی لەژوورەکەمدا نەمابۆوە..
روانیمە ئاوێنە تەڵخەکە و گەمەم بەمووە رەشە لوول بۆوەکانی سنگم کرد و هێڵێنجم دا.. رووکارم زەرد و هەڵبزکاو لەئاوێنەکەدا وەدیار دەوکەوت و باڵایشم هێندەی درێژی شوێن جێگای هەنگاوی دڵۆپە خوێنەکان سێبەری دەدا.. قرژاڵەکەم لەنێو بلووری چراکە دەرهێناو دامگیرساند، کوژایەوە.. یەك دووجاری دیکەش پێم کرد و هەر کوژایەوە.. پێ دەچوو نەهەنگێك هەموو ئۆکسجینی ژوورەکی هەڵمژیبێت، تۆ بڵێی ئەو پێخەفە خوێناوییە هەنایە بدات!؟
بابۆڵەکەی نێوەڕۆم لەزارم نزیك کردەوە و رشامەوە.. نەمدەتوانی بابۆڵەیەکی خوێناوی بخۆم.. کتێبە زەردەکەم لەسەر عەردەکە هەڵگرتەوە و بێباکانە پەڕەکانیم لێك جودا کردەوە..
دوو پشکە رەشەکە خوێنی لێ دەچۆڕا.. وشەکانم بەسووری دەدیت.. پەراوێز و پێچ و پەنای کتێبەکەش دەبووە پارچە گۆشتێکی خوێناوی.. کتێبەکەم توورِ هەڵدا و بەرو دەرگاکە هەنگاوم نا.. لەدەرەوە راکلۆم درابوو، تەنها من و پێخەفێك و تاریکایی ژوورێك، ئامبازی یەکیدی ببووین.. دەبوو میز و پیسایش لەنێو تەنەکەیەکی ژەنگاویدا بکەم.. خەیاڵ و ئەندێشەم وەك ئەختە بووت، تەنها

نێچیرە زامدارەکانیان دەبینی و رکێکی سووریش لە پەنجەکانمەوە دادەچۆڕا.. کەفیکی رەش لەزارمەوە رێچکەی بەست بوو.. بێ هەست و خوست دەجولامەوە، نەبادا پێخەفەکە بەئاگابێت و لەبەردەم ئەو گەورە پیاوانەدا شەرمەزاربم و ریسەکەم لێ ببێتەوە بەخوری.. گاڵتەم هاتێ و لەناخەوە بەخۆمدا شکامەوە و گاڵتەم بەعەقڵم کرد.. چۆن پێخەف بەئاگا دێت، یان چۆن هەناسە دەدات.. مەحاڵە گەر شەیتانیش بێت، لەجێی خۆی ببزوێت..ئەی ئەو دڵۆپە خوێنانە چییە، کە پەیتاپەیتا پانتایی عەردی ژوورەکە داگیر دەکەن، تا قولەپیم هەر خوێنە، سەیرە هیچ مرۆڤێك هێندەی خوێن تێدانییە... بەڵام خۆ ئەمە پێخەفە وپێدەچێت لەرێی دەریاوە ئاودیوی بکەن.. نەدەبوو ئەو پرسیارە لەمێشکمدا گەرا دابنێت و سندوقە سەرم بتەنێت، ئەو کەللەسەرەی کە تەنها کرمۆکەی رەشتاڵەی تێیدا دەژی و هیچ پنتێکی سپی تێدا بەدی ناکرێت، لەهەموو ئەو ئەندێشە و خەیاڵانە هەڵهاتم و بەدەنگە ناوازەکەم گۆرانییەکی بێ تامم چڕی.. دەبوو لەنێو دەنگێکدا خۆم لەپێخەف و شوێن پەنجەی پەڵە خوێنەکان بشارمەوە و چیدی نەڕوانمە ئەو شتانەی کەرەنگیان دەگۆڕێت، لایتێکی گەورەم داگیرساند و ژوورەکەم وەك کەشتیەکی تێك شکاو هاتە بەرچاو، کەهێندەی نەمابێت نغرۆ ببێت، سەدەها نەورەسی سپی لەپەنجەرەکانەوە تێیان دەڕوانیم و دەنووکیان خوێنی لێ دەچۆڕا، چاوەکانیان وردە لمی لێ دەباری.. ئەوان شتێکیان دەزانی و من نەمدەزانی.. ئەمڕۆ نهێنیەك لەم ژوورەدا منی کردۆتە پاسەوان و دەرگاکەشی لەسەر کلۆم داوم.

تیشکێك دەرەوەی رووناك کردەوە و قاتە رەشەکەی باوکم بینی لەبەری ژنێکی ورگندا بوو.. بەتەواوی سنگی خستبووە بەربا و مەمکەکانی لەسەرە قاژووی سەربڕاو دەچوون، لەقلەقێك بەبەردەمیدا گوزەری کرد و پاشان تەنها دەریا و تیشکی لایتی کەشتی و پاپۆڕەکان، سەرەنجیان راکێشام و دواجار بوونە پێخەفێك، کەبەهەموو لاکاندا، گەورە و درێژ دەبۆوە، تا ئەو حەلەی بەر شوشەی پەنجەرەکەم کەوت و بوومەلەرزە ئاسا، ناخمیان هەژاند و ئاوو هەوای دەریا و شێداری شەو بۆنی قەوزە و ماسیە گەنیوەکانیان هێنایە ژوور و دوو پەیکەرە ئێسکی ماسیش، کە بەپەردەکەوە هەڵواسرابووم کەوتنە جووڵە.

هەموو شتێك لەو ژوورەدا، دەنگی دەهات.. جارجارە دەبووە زەنگی کلێسایێك و هەندێ کاتیش ئارێژی پاپۆڕێکی دوور و دواجاریش بەلوورەیەکی سامناك و درێژخایەن کۆتایی دەهات و پاشان ژوورەکە دەچۆوە نێو پانتاییەکانی بێدەنگی.

هەستم بەخنکان دەکرد، هەربۆیە قەوزەکانم لەخۆم دوور خستەوە و جلکە تەڕبۆوەکانیشم داکەند و بەڕووتی بەشوێن بەرگێکی نوێدا دەگەڕام، تا بیپۆشم، بەشوێن سیگارێکدا دەگەڕام تا بیکێشم.. نەمدەزانی دەگریم یان پێدەکەنم.. لەگەڵ ئەو چنگە خوێناویانە بەشەڕهاتم، کەبست بەبستی ژورەکەم دەگەڕان.. پەلێکی قرژاڵەکەم شکاند و بلوری چراکشم خستە نێو تەنەکە ژەنگاویەکە، هاوار و ناڵەی دەریایەکی توڕەم گوێلیبوو، بەڵام هەروەك ئەوەی دوعایەکی تەلیسماوی زارمی بەستبێت، نەمدەتوانی پڕ گەرووم هاوار بکەم و ئەو شەیتانە بەئاگا بێنم و بی بینم.. بزانم چییەو کێیە.. چ کارێکی بەمن هەیە و دەیەوێت بگاتە کوێ...

ئیفلیجیی مێرووڵە ئاسا بەجەستە و بەدەمدا هەڵدەزنا.. ماسولکەکانم تادەهات رەقتر دەبوون و جەستەشم هێندەی قورسایی خنکاوێك قورس ببوو.. هاوارم کرد، بەڵێ هاوارم کرد: (تۆ کێی، ئەی ئەو شەیتانەی کە کاوێژی خوێن دەکەیت و خوێن هەڵدێنیتەوە.. هەڵسەرە سەرپێ و تێم بڕوانە، چونکە ناتوانم تێت بڕوانم.. هەستە و لەگەڵمدا بدوێ، چونکە ناتوانم بتدوێنم..).

بێدەنگی وەك تەونی جاڵجاڵۆکە هەموو کون و قوژبنێکی ژوورەکەی تەنی و چاوەڕێیش پەپولە دەنگێك بوو.. چرپە و سرتە لەهیچ شتێك نەدەهات و پێ دەچوو، هەموو شتەکان پێکەوە سوێندیان خواردبێت.. کەچرپەیان لێوە نەیەت.. تەنانەت کاتژمێرە گچکەکەی گیرفانیشم میللەکانی لەجوڵە کەوتن و وەستان، بێ ئاگا، لەسەر مێزێکی گەورەی نزیك پەنجەرەکە راوەستابووم، نەمدەزانی بۆ گەیشتومەتە ئەوێ، بەڵام بەهەر حاڵ کەنەفتی و شەکەتی هێندەیان شاڵاو بۆ هێنام.. تا بەچۆکدا هاتم و لەناوەڕاستی مێزەکەدا گرمۆڵە بووم.. دەشمزانی نەدەبوو بخەوم، بەڵام نەمدەزانی بۆ نەدەبوو بخەوم!؟ ژوورێکی دەرگا کلۆم دراو و دوورە دەست و پێخەفێکی خەوتوو ئەو لەلایەکی ژوورەکەیە و من لەلایەکی دی.. ئەو لەقولاّیی خەودایە و منیش بێدار پاسی دەکەم.. گیزە گیزی مێشێك، ئەو دەنگە ئەفسوناویە بوو بەهانامەوە هاتبوو، تالەنێو ئەو زەلکاوی بێدەنگی و تەنیایەدا، دەرمکێشێت.. ئیتر لەو ساتەوە هەستم دەکرد، یەکێکی دیش هەیە ئاگای لەپێخەفەکە بێت.. نەدەبوو بخەوم.. دەمزانی نابێت بخەوم. بەڵام گەر نەخەوم رەنگە ئۆکسجینی ئەم ژوورە تابەیانی بەشم نەکات و بخنکێم، بەڵام هەر نەدەبوو بخەوم؟!

(ئەوپشت کۆمە قەموورەی کەدەمێك بوو دەیڕوانییە تێکڕژان و ئامبازبوونی دوو رەگەزی جیاواز، دوو رەنگی چاوی جودا، پاش ئەوەی سەدەیەك یەکتریان هێناو برد، قەمووری رەشتاڵە لەفرسەتێکدا خەنجەرێکی لەپشتی کچی پاشای یەکێك لەڕەگەزەکان داو ئەو کچۆڵەیەی کوشت کەبیست ساڵ بوو دەریا لەچاوەکانیدا خەوتبوو).

دەمێك بوو، ئەم رووداوەم لەکتێبە زەردەکەدا خوێندبووەوە، نازانم بۆ لەنێوان خەوو بێداریدا هاتەوە یادم، لەنێو کەژاوەیەکی سوورەوە، کچۆڵەیەکی زەرد وەك خۆرەتاوو چاوشین وەك دەریا، وەدەرکەوت و قامکەکانی گرتم و پێ بەپێی ئەو هەنگاوم نا، سمۆرەیەك لەنێو قەفەزێکدا مردبوو، باڵندەیەك هێلکەی خۆی دەخواردو لەنێو لوول پێچ و پێچ و پەنای فنجانێکدا شارێك وەدەرکەوت، مرۆڤە هەژارەکان پەیکەری ئێسك بوون و دەوڵەمەندەکانیش گەماڵە سەگی پیرو پەککەوتە، لەبەردەم درەختێکی چوارگۆشەدا، شوێن خەنجەرەکەی پیشاندام و سەرنجی ئەو دڵۆپە خوێنانەم دا کەلێی دەچۆڕا، پێی گوتم:

(هەر لەگەڵ خەوتنی تۆ، من بەئاگام و چیدی ناخەومەوە.. گەر تۆ نەخەویت، ئەوە بێشك دەکوژرێم.. هەست بەترسێکی گەورە دەکەم، لەو پیاوەی کەدەموچاوی لەبەراز دەچێت، رەنگە هەر بەشفرەکەی سکم هەڵدڕێت).

لێم بووە پیرێژنێکی سەد ساڵەی عەیار و پێی گوتم: (سێ هەزار ساڵ لەئەشکەوتی وڵاتێکدا خەوتم و نەمدەویست بەئاگابێم، بەڵام قەمورێك بەبیست و چوار سەعات، منی لەوێوە گەیاندە ئێرە!؟).

-تۆ کێی؟

-هەرکێیەك بم، تازە زامەکەم سارێژ نابێت و بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێ.. ئەو زامەی کەپاش سێ هەزار ساڵ کولایەوە..)

بەتەنیا چومە نێو ئەشکەوتێکی سپییەوە شارێکی ئەفسوناویم بەدی کرد.. دەستت بۆ هەر چییەك دەبرد، دەبووە خۆڵ و دادەباری.. تەنها جەستەی مۆمیاکراوێك نەبێت، کەپێ دەچوو لەو ساتەدا مردبێت یان خەوتبێت.

زنجیری پانتۆڵەکەم کردەوە و میزێکی خوێناویم رۆکردە نێو ئەو گۆمە خوێنەی کە تاسەر مێزەکەش هەڵکشابوو.. پاش خەونێکی ئەفسوناوی تەواو پەشۆکاو بووم، بە پەردەکە ئارەقەی دەموچاوە سوورەکەم سڕیەوە و روانیمە ئەو دەریایەی کە رەنگی خوێنی گرتبوو.. کەشتیەکان یەك پارچە خوێن و چارۆکەکانیش پەڵە خوێنی رەش بۆوە.. زێدەتر چنگە خوێناویەکان خۆیان دەکوتی، دەرگاکە دیار نەمابوو، تەواو بەسوراییی سواغ درابوو.. شوشەی پەنجەرەکە وەك سکرینی سینەمایەك تەواو سوور هەڵدەگەڕا و جار ناجارێکیش چەند پەڵە رۆشناییەك، دەبوونە پردی پێکەوە گرێ دانی دەریا و نیگاکانم... چەند هەوڵمدا پەنجەرەکە بشکێنم، بەڵام بۆم نەشکا و بێهودە، ماندوو و کەنەفت لەسەرمێزەکە بەچیچکانەوە دانیشتم، روانیمە پانکە کۆنینەکە کە بەهێواشی هەڵدەسوڕا و لەجێگا زامێکەوە خوێنی لێ دەچۆڕا.

گەرماییەك لەلای راستی بڕبڕەی پشتمەوە، خەونە سەیر و سەمەرەکەی وەبیر هێنامەوە و بەخێرایی دەستم بۆ برد.. زامێکی شوێن خەنجەر و خوێنێکی گەرم، بەڵێ منیش وەك هەموو شتێکی دیکەی ژوورەکە بریندار بووم و خوێن لەجەستەم دەچۆڕا.. لەقلەقێك لەپەنجەرەکەوە تێی دەڕوانیم و باڵە خوێناویەکانی نیشان دەدام، کەشتیەك لەچاوەکانیدا نغرۆ دەبوو.. پەیکەرە ئێسکی ماسییە هەڵواسراوەکانی سەرپەردەکەش خوێنیان لێ دەچۆڕا و دەلەرینەوە.. وەك ئەوەی گیانیان بە بەردا هاتبێتەوە و بیانەوێت لەمەرگ هەڵبێن!؟

هەستم بەتین و تاوی گەرمایەك کرد، کەلەگەروومدا گینگڵی دەدا.. دەستم بۆ دەمم برد و یەکە یەکەی ددانەکانم بەربوونەوە و پاشان دوو پەڵە خوێنی گەورە، وەك ئیسفنجێکی لیخن بەدەستمەوە هاتن.

چاوەکانم خوێنیان تێ زاو چوزانەوە.. بیناییم لێڵ بوو، تاریك بوو.. پاشان سوور داگەڕا و ئیدی هیچم نەدی.. بۆنی خوێن مەرگەساتی کچۆڵەیەکیان وەبیر دەهێنامەوە، پاش ئەوەی بوو بەژێر ئۆتۆمبیلەوە، وەك کەلاك سەربەرەو خوار بەدار هەنجیرێکدا هەڵیان واسی و سێ شەو خوێنی لێ چۆڕا و پاشان دەجار کفنیان کرد و هەر شاڵاوی خوێن نەگیرسایەوە.

دەنگێك لەناخمەوە زایەڵە و سەدایەکی سەیری هەبوو (نەدەبووبخەوی) راستە نەدەبوو بخەوم، بەڵام نەمدەزانی بۆ نەدەبوو بخەوم!؟ تاوێك بەپێوە خەوتم و بەترسەوە پێڵوەکانی چاوم لێك ترازان و روانیمە شوشەی پەنجەرەکە و هیچ پەڵە خوێنێکم نەدیتەوە.. بەڵێ خوێن بەرەو کونۆچکە و قوڕنە و سوچ و کەلەبەری ژوورەکە هەڵدەکشا و ئاودیو دەبوو.. دیوار و دەرگا و پانکەکە رەنگی خوێنیان لێ دوەری و بۆردەبوون.. کتێبە زەردەکە وەك خۆی بوو.. قرژاڵەکەش لەقوڕنەیەکدا خەوتبوو.

دەسم بۆ شوێن زامەکەی پشتم برد وهیچ دیارنەبوو.. جەستەم وشك ببۆوە لەخوێن و تەنها ئارەقێکی سوێرم دەردەدا.. لەپەنجەرەکەوە روانیمە دەر، دەریا لەبەردەم کازیوەدا، وەك ئامانە مسێکی مەیلە و شین دەینواند و بێدەنگ راکشابوو.

بەرەو پێخەفەکە هەنگاوم نا و لەوەدا بوو پەتۆکە هەڵبدەمەوە و بزانم ئەو شەیتانە خەوتووە کێیە؟ دەرگاکە کرایەوە و پیاوە دەموچاو بەرازەکە هاتە ژوورێ و رووی تێکردم و بەدەنگێکی زیقن پێی گوتم: (بەخێرایی خۆت بگەیەنەرە ئەو بەلەمەی کە لەقەراغ ئاوەکەدا راوەستاوە.).

-بەڵام ئەی پێخەفەکە؟

-.........؟

وەك جەستەیەکی مۆمیاکراو چوومە نێو بەلەمەکەو پیاوەدەمو چاو بەرازەکە ئاماژەی بۆ خاوەنی بەلەمەکە کرد و کەوتە سەوڵ لێدان.. کەنارمان جێ هێشت و کەوتینە نێو دنیا بێ کۆتاییەکەی سەفەر.. بەلام تەنها چاوم بڕیبوە ئەو ژوورەی، کە دوو ساڵی تەمەنم تێدا بەسەربردبوو.. دەمویست بزانم چی روودەدات؟ بەڵام پاش تاوێك پەردەکان دادرانەوە و دەرگاکەش هەر بە کلۆم دراوی مایەوە.. ئەو لەقلەقەش کە نهێنی پێخەفەکەی لابوو، لەسەر پەیکەری کەشتیەکی شکاوەوە تێی دەڕوانیم.. تامەودای نێوان من و ژوورەکە زێدەتر دەبوو.. چڕتر دەمڕوانیە ئەو ژوورەی کە ئارەقەیەکی شینی دەردەدا و تا دەهات وەك دەستی خنکاوێك زیاتر رۆدەچوو. نهێنیەك لەوێدا بوو، چیدی نایبینمەوە.. پێش ئەوەی ژوورەکە تەواو لەبەرچاوم ون بێت، دیمەنێکی سەیر، سەرەنجی راکێشام، ژوورەکە تا دەهات بەکاوەخۆ وەك باڵەخانەیەك بەئاسماندا دەچوو.. هەروەك ئەوەی بیەوێت شتێکم پێ بڵێت، یان نهێنیەکی تازەم لابدرکێنێت.. هێندە بەرز بۆوە، تا بۆ دواجار باڵایم بینی، باڵای سێ هەزار خرکە بەرد، باڵای شین پۆشێکی تەڕبوو و تێکەڵ بەلم.. باڵای پێخەفێك لەخوێن!؟

### حەکایەتی هەڵئاوسانی کیسە ئاوییەکان

لەنێوەڕاستی کەنارێکدا راوەستابووم، هەروەك ئەوەی لەکۆنە فیلمێکی رەش و سپی بڕوانم.. پێ پەتی.. بەکراسێکی ئاودامانی سپییەوە، دەمڕوانییە شەپۆلە رەش و سپییەکانی دەریاکە.

کەشتییە چارۆکەدارەکان... هێدی هێدی شەپۆلەکانیان دەبڕی...

نەوڕەسە هەڵکورماوەکان.. هەروەك ئەوەی مۆمیا کرابێتن!!؟

لەشتێکیان دەڕوانی، شتێك کە دەمێك ساڵ بوو لەهەناومدا ئۆقرەی گرتبوو.

ئاوڕم دایەوە و روانیمە ئەوکورسییەی کە لەئێسك دروست کرابوو، ئێسکەکان تا بڵێی قەوی و تۆکمە بوون...

بەشی دواوەی کورسیەکەش، لەعاج دروست کرابوو.

ئاوێنەیەکی لاکێشەیی گەورە، یەك دوو مەتر لەپشتەوەی کورسییەکە دانرابوو.

پێم وابوو، پێشترین ئەم وینانە لەسات و وەختێکی دیکەی خەونێکی پێشوومدا.. بینیبێت...

هێندەی وەبیرم دەهاتەوە.. نەوڕەسەکان، وەکو ئەو بەلەمە کاغەزانەی کە بەمنداڵی دروستم دەکردن.. سەرئاو دەکەوتن.. کورسییەکە، بنیادەمێکی دزێوی لەسەر دادەنیشت!!؟

ئاوێنەکەش، هەردەم وێنەی کەسێکی نەخۆشی پیشان دەدا...

کەشتییە چارۆکەدارەکان، لەخاڵێکی وەستاوی تەماشامدا.. دەبوونە هەڵم و لەبەرچاوان ون دەبوون.

لەبەرخۆمەوە گوتم: (رەنگە هێشتا بەتەواوەتی بێدار نەبووبێتمەوە!؟...)

یان تۆبڵێی هەردوو خەونەکە، تەنها یەك خەون بێت و من لێم بووبێتە دوو خەونی جودا!؟...

نەوڕەسەکان.. بێئەوەی ببزوێن و بجولێن,, دەیانڕوانییە ئەو شتەی کە لەناخمدا هەڵدەئاوسا...

شتێك کە هەرگیز لێم جیا نەدەبۆوە و جێی نەدەهێشتم!؟

بەکاوەخۆ ئاوڕێکی دواوەم دایەوە...

جوتێ پۆستاڵی رەشی بێ قەیتان، لەسەر کورسییەکە دانرابوو..

ئاوێنەیە لاكێشەییەكەی خۆم.. گەورە بوو بوو.. بنیادەمێكی پێ پەتی، لەوێوە لەمنی دەڕوانی، رووكاری لەمامۆستای زیندەوەرزانیمان دەچوو.. بۆ یەكەمجار حەكایەتی كیسە ئاوییەكانم لەوەوە بیستبوو...

سالێكی رەبەق، باسی ژیانی سەیر و سەمەرە و سووڕی گەشەكردن و گەورە بوونی ئەو بوونەوەرە عەجایەبانەی بۆكردین..

لەبەرخۆمەوە گوتم:

(بەلام بۆ دەبێت، گەیشتبێتە ئێرە!؟) دەمویست بەلایەكدا ببزوێم و چنگەكانم لەلێی كەنارەكە گیربكەم و مشتێك لم بدەم بە ئاوێنەكەدا، تا لەبوونی ئاوێنەكە، یانە وێنەكە.. حالی بم؟!..

نەمدەزانی كەی و چۆن لەپێم كردبوو... نیو بەنیو لەلمەكە رۆچوو بوو.. رەشاوێكی لێدەهاتە دەر و لمەكەی بەچەشنی ئاوەڕۆی دێراوێك رادەدێرا...

لەو دەمەدا هەروەك ئەوەی یەكێك شتێكم بەگوێدا بچرپێنێت و پێم بلێت: (سەر هەلبڕە....)...

هێشتاكە هەمان وێنەی پێشوو.. لەئاوێنەكەوە تێی دەڕوانیم..

بەدەستە راستی ئاماژەی بۆ وێنەی ئەو كیسە ئاوییانە دەكرد.. كە لەسەر ئاوێنەكە كێشابووی!؟

تا ئەو دەمەش، كورسییەكە كەسی لەسەر دانەنیشتبوو...

لەوەدا بوو بەخۆمدا بچمەوە و شتێك بلێم، گوێم لەدەنگی هاوارێك بوو..

هەروەك ئەوەی تێزابییان بە چاوەكانمدا كردبێك.. لەپڕ لەبەرچاوم رەش داگەڕا...

بۆ تاوێك لەهۆش خۆم چووم...

لەو دەمەشەوە.. ئیدی، هیچم نەدەبینی!!؟ پاش هەڕوەلە كردنێكی كەم خایەن، كەسانێك كە نەمدەبینین...

لەبەردەممدا، یەك لەدوای یەك راوەستان و گیرسانەوە..

یەكێكیان بە لەقە، ئاوێنەكەی پشت كورسییەكەی شكاند..

هاڕەو دەنگ بەربوونەوە پارچەكانی، گوییەكانی كاس كردم..

پاش تاوێك.. بەئیقاعی سەربازی و لەسەرەخۆ چووە نێو ریزبەندییەكەی پێشووی كەسە راوەستاوەكان.

بۆ تاوێك لەبێدەنگییەكی قولدا، جێیان هێشتم..

نازانم بۆ تاقیكردنەوەی زیندەوەرانی ئەو سالە تەڕ و تووشەم وە بیرهاتەوە.. پرسیارەكان تایبەت بوون بەكیسە ئاوییەكان؟!پاش هەفتەیەك لەتاقیكردنەوەی زیندەوەرانی.. لەژوورێكی سارد و سڕدا.. مامۆستا بەتوڕەییەوە خۆی كرد بەژووردا و پاش ئەوەی سەركۆنەیەكی زۆری هەمووومانی كرد، هەلوێستەیەكی بۆ كرد.. رووی كردە من و گوتی: (باشترین پلە.. تۆ بەدەستت هێنا....)

دەنگێك بەئاگای هێنامەوە.. بێ سێ و دوو چوومە سەر كورسییەكە و دانیشتم...

بۆ دواجار گوێم لە شلپ و هوڕ و هاڕەی دەریاكە بوو، بەشێوەیەك كە تا ئەو دەمە، هاڕەی لەو چەشنەم نەبیستبوو...

پۆستالەكانی پێم بۆ پێشەوە خزا!؟.. گویم لێ بوو، یەكێكیان گوتی: (پۆستالەكانی تاكە و تاكن).

چواردەستە بەرزیان كردمەوە و نزیك دەریاكە جێیان هێشتم..

هێندەی نەبرد.. شەپۆلە سوێرەكانی دەریاكە، بەتەواوی تەڕیان كردم.

دواتریش لەلووت و دەممەوە رۆچوونە نێو بۆشاییەكانی هەناوم پاش تاوێكیش، كیسە ئاوییەكانیان هەلئاوساند.

نەورەسەكان لەو دەمەدا لەشتێكیان دەڕوانی.. شتێك كەدەدمێك سالێ بوو، لەهەناومدا ئۆقرەی گرتبوو..

شەپۆلەكان.. گەمەیان بەمووەكانی سنگم دەكرد..

هێندە كەنەفت و بڕست لێ براو بووم.. پێم نەدەكرا، راچەنێم و لەدوابەش و كۆتایی خەونەكە هەلبێم...

چەندم حەز دەكرد.. پێم كرابا و بمتوانیایە بلێم: (ئەوەی كە دەیبینم.. تەنیا ساتەوەختێكی تال و سوێری خەونێكی بەسەرچووە!!؟)

یان پڕ بەدەم هاوارم بكردایە و بمگوتایە: (ئەوەی كە دەبینم.. تەنیا حەكایەتی هەلئاوسانی كیسە ئاوییەكان.. هەناوێكی وێرانە!!!؟)....

**دوا نامەیەك، كە هاوڕێكەم نووسی**

كاتێك لەبەردەم قەڵا زۆر دێرینەكەی شارۆچكەكەدا راوەستابووم، گوێم لەتەهلیلەو زیكری ئەو دەروێشانە بوو، كەلەپێش حەشامەتەكەوە دەڕۆیشتن.

هەر لەخۆمەوە وەدووی حەشامەتەكە كەوتم، كە زۆر بەبێدەنگی گوێیان بۆ دەنگی دەروێشەكان هەڵخستبووە.؟

پاش ئەوەی حەوت جار بەدەوری قەڵاكەدا سوڕانەوە رێگە بەردەڵانەكەی دەستەچەپی قەڵاكەیان گرتەبەر، پاش سەعاتێك، گەیشتنە تاكە گۆڕستانێكی شارۆچكەكە كە زۆر لەشارۆچكەكە فراوانترو گەورەتر بوو.

لەنێوەڕاستی گۆڕستانەكەدا، حەشامەتەكە بەشێوەیەكی بازنەیی، چواردەوری تابووتیكیان تەنی و پاشان بەچوارمشقی و هەریەك لەجێگەی خۆی دانیشت.

بەڵام دەروێشەكان، هیچ رانەوەستان تاگەیشتنە سەر تەپۆلكەیەكی نزیك گۆڕستانەكەو پاشان ونبوون.

ماوەیەك بەبێدەنگی وەك هەر كەسێكی نێو حەشامەتەكە بەچوارمشقی لەشوێنی خۆمدا دانیشتم.

لەناكاو هەروەك ئەوەی كەیەكێك پێی گوتبێتم هەستامە سەرپێ و روانیمە تابووتەكە..

لەجێی خۆم دانیشتمەوەو پاش كەمێك تێفكرین لەبەرخۆمەوە گوتم:

(باشە بۆ لەیەكێكیان نەپرسم!؟)

رووم كردە ئەو زرتە زەلامەی ردێن سپییەی كە بەبێ جوولە، لەپاڵمدا دانیشتبوو

(لالۆ، حەزدەكەم بزانم تابووتەكە كێی تیایە؟!)

پاش ئەوەی هەمان پرسیارم بۆ چەند جارێكیش دووبارەكردەوە، هیچ وەڵامێكم نەهاتە گوێ.

بۆ تاوێك لەشوێنی خۆمەوە هەستامە سەرپێ و بەنێو حەشامەتەكەدا تێپەڕیم بەماوەیەكی زۆركەم گەیشتمە نزیك تابووتەكە.

پاش ئەوەی هیچ كەسێكی نێو حەشامەتەكە، دەنگی لێوەنەهات.

بەكاوەخۆ، پەتۆ رەشەكەی سەر تابووتەكەم هەڵدایەوە تاسێ بەشی تابووتەكە هیچم نەبینیی.

لەدواییشدا سەری كەسێكم بینی كە هێشتاكە چاوەكانی كراوەبوون.

دوای ئەوەی پەتۆكەم وەك خۆی دادایەوە، وام هەست كرد كە رەنگە پێشتر شكڵ و شێوەی ئەو سەرەم لەكات و شوێنێكی تردا بینیبێت.

گەڕامەوە شوێنی خۆم و وەك ئەوان، كەوتمە تێڕوانینی لەپی دەستی راستم، تادەهات عەردەكە ساردترو دنیا تاریك تر دەبوو.. دەبوو بگەڕێمەوە بۆ نێو ئەو ئوتێلەی كە بۆتەنها شەوێك ژوورێكم تێدا بەكرێ گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێك لەناوەوە پاڵی پێوەدەنام بۆ زانینی ماجەرای سەری نێو تابووتەكە.

دەیان پرسیار لەناخمدا سەرەتاتیكیان بوو، بۆ دەبێت نەینێژم؟! بۆ دەبێت بەبێ هەست و خوست، لەچوار دەوری..بەچوارمشقی دانیشتبێتن؟! دەروێشەكان بۆ جێیان هێشت و بۆ كوێ چوون؟

لەهەموو شتێ سەیرتر، هیچ گۆڕو چاڵێك بۆ ناشتنی ئامادە نەكرابوو؟!..

لەپڕ دایكردە باران وتاوێكی خایاند..

كەبارانەكە خۆشی كردەوە.. یەكەیەكە هەستانە سەرپێ و چواركەسیان تابووتەكەیان نایە سەرشانیان و لەپێش حەشامەتەكەوە بەرەو شارۆچكەكە كەوتنە رێ.

بەكاوەخۆ وەدوویان كەوتم تاگەیشتنە بەردەم پەرستگایەكی لەبەرد دروستكراوی رەنگ سپی، لەوێدا تابووتەكەیان جێ هێشت و هەریەكەیان لەسوچ وسەری یەكێك لەكووچەو كۆڵان و شەقامە هەمەجۆرو جیاجیاكانی، چواردەوری پەرستگاكەوە ونبوون.

هێدی هێدی، لەتابووتەكە نزیك بوومەوە و لەوەدا بوو، كەپەتۆ رەشەكەی سەری هەڵبدەمەوە كاتێك گوێم لەدەنگی ددانە جیڕەو وەڕینی گەماڵێك بوو، كەزۆر لەنزیكمەوە راوەستابوو.

پاشەوپاش کشامە دواوەو لەپاڵ دیواری پەرستگاکەدا راوەستام.

پاش کەمێك، گەماڵەکە بەبێدەنگی لەشوێن خۆیدا هەڵتووتا، کەلێی ووردبومەوە زۆر بە نائاسایی هاتە پێش چاوم.

چ چاوەکانی بەشێوەیەکی لاکێشەیی، بەرەو لای هەردوو گوێچکەی هەڵکشابون، چ کەڵبەکانیشی زۆر لەکەڵبەی گەماڵی ئاسایی درێژترو گەورەتر بوون!!؟

دوای ئەوەی کە گەماڵەکە چاوەکانی لێکناو خەوت.

رێگەی ئوتێلەکەم گرتە بەرو خۆم گەیاندە نێو ئەو ژوورەی، کە بۆ تەنها شەوێك بەکرێم گرتبوو.

هێشتاکە دوانامەی هاوڕێکەمم نەگەیاندبوو شوێن مەبەست، دەبوو دوا وەسێتێکی هاوڕێکەمك بهێنمەدی، پێش ئەوەی کە دوا هەناسەی بدات، ئەم نامەیەی نووسی و دایە دەستم، هێندەی کەقسەی پێکرا، گوتی:

(بچۆرە شارۆچکەی سامۆش و لەبەردەم قەڵا زۆر دێرینەکەیدا چاوەڕێی هاتنی ئەوبە..).

فریای ئەوە نەکەوتم پرسیاری ناوو ناونیشانی ئەوی لێبکەم!؟

تابەیانی نەخەوتم و هەر لەغایەڵەی دۆزینەوەی ئەوو ماجەرای سەری نێو تابووتەکەدا.. لەشوێن خۆمدا گینگلم دا.

چێشتەنگاو جانتاکەم پێچایەوەو لەئوتێلەکە چوومە دەر، بەپەلەپروزێ خۆم گەیاندە لای پەرستگاکە.. هێشتاکە تابووتەکە لەهەمان شوێنی خۆیدا بوو.

سەیری چواردەوری خۆمم کرد، دوور ونزیك نەهیچ کەسێکم کەوتە بەرچاو نە گەماڵەکەشم بینی.

بەفرسەتم زانی.. لەتابووکە نزیك بوومەوەو بۆ جارێکی دی پەتۆ رەشەکەی سەریم لادا، بەڵام سەرەکەی تێدا نەبوو!؟

لەوکاتەدا، کەسێك کەنەمزانی چۆن چۆنی گەیشتە بەردەم دەرگای پەرستگاکە.. بەتوندی کەوتە لێدانی دەرگاکە، هێندەی نەبرد، پیرە پیاوێك دەرگای پەرستگاکەی واڵاکردو لەگەڵ کەسەکەدا کەوتنە گفتوگۆ.. سەیر لەوەدا بوو، کەتەنها لێویان دەبزواو هیچ دەنگ و سەدایەکیانم نەدەهاتە بەرگوێ.

بەڵام هەر لەخۆمەوە، پێم وابوو.. کەکەسەکە سۆراخی سەری نێو تابووتەکە بکات و پیرە پیاوەکەی لەوەڵامدا پێی بڵێت، هێشتاکە سەرەکە، نەگەیشتۆتە نێو شارۆچکەکە، تابخرێتە نێو ئەو تابووتەی کە بۆی ئامادەکراو.

پاش ئەوەی پیرە پیاوەکە، چەند جارێك سەری بەلای راست و چەپی راوەشاند.. دەرگای پەرستگاکەی پێوەدا، کەسەکە، هەروەك ئەوەی کەلەپڕ غەیب بووبێت..

چەند چاوم بۆگێڕا، دوورونزیك لەهیچ شوێنێکدا بەدیم نەکرد.

بەیەکێك لەکۆڵانەکانی دەستە راستی پەرستگاکەدا رەت بووم و پاش سەیرکردنی یەکە یەکەی خانووە، لەبەرد دروستکراوەکانی کۆڵانەکانە.. خۆم لەبەردەم قەڵا زۆر دێرینەکەدا، بینییەوە، لەوە دابوو کەلەتاتە بەردە گەورەکالانی شوورەی قەڵاکە رابێم..

کاتێك پیرەژنێکی پێ پەتی، بەلامدا تێپەڕبوو، هاوارم لێکرد،

(داپیرە نامەیەکم پێیە بۆ ئەو، چما ئێوە نایناسن؟!)

هەروەك ئەوەی کە گوێی لێم نەبووبێت هەڵوێستەی بۆ نەکرد و بەیەکێك لەڕێگاکاندا، بەرەو قەڵاکە هەڵژنا.

لەوەدا بوو کە وەدووی کەوم کاتێك گوێم لەدەنگی لێدانی دەفی دەروێشەکان بوو کەلەپێش هەمان حەشامەتەکەی دوێنێوە ڕێیان دەکرد.

ماوەیەك وەدوویان کەوتم، بەڵام پاشان هەر وەك ئەوەی لەڕاستیدا نەبووبێتن.. لەپڕ لەبەر چاومدا وون بوون.

دواتر لێڵاییەك بەرچاومی تەنی و بۆ چەند ساتێك هیچم نەبینی..

کەبەرچاوم روون بوەوە، زۆر لەنزیکەوە گوێم لەدەنگی هاوڕێکەم بوو....

پێم وابوو، ئەو دوانامەیەم بۆ بخوێنێتەوە کەنووسیبووی:

(ئازیزم.. لەخەونمدا، تۆم لەبیابانێکدا بینیەوە..

وەك لەخەونمدا دەمبینی... خۆشت نەتدەزانی چۆن چۆنی رێت کەوتۆتە ئەو بیابانە. هێندە تینوو بوویت، کەجگە لەقوومێ ئاو.. بیرت لەهیچ شتێکی تر نەدەکردەوە.

لەکاتێکدا کە چاوت رەشکەوپێشکەی دەکرد. چوار زرتە زەلامی دشداشە لەبەر، وەك مەڕ لەسەر لمی بیابانەکە پاڵیان خستیت و چەقۆیەکی زۆر تیژیان خستە سەر ملت...).

## فرمێسکەکانی بالارینا

پێش ئەوەی چاوی لێك بنێت: بەساردییەوە تێی روانیم و کەمێك لێوەکانی بزواند.. نەمزانی، دەیویست چی بڵێت، گەرچی یەکەم جارم نەبوو کەسێك بکوژم، بەڵام ئەم لەهەموو ئەوانەی دیکە جیاوازتربوو.. بێدەنگیەکەی سامێکی کوشندەی لاجێهێشتم و خۆفێکی هەمیشەیی لەناخدا چاندم، یادەوەری ساتەکانی کوشتنی رایان دەچڵەکاندم و سەرتاپای جەستەمیان دەخستە لەرزین.. چاوە شینەکانی لەهەموو گۆشەی ماڵەکەمدا هەبوون و تێیان دەڕوانیم.. دەست و پەنجەکانی دەروازەکانیان لێدەگرتم.. پشیلەکانم لێدەبوونە ئەو.. هەموو چەقۆیەکم بەخوێناوی دەدیت.. ئەندێشە و خەیاڵی کوشتنی ئەو، یادەوەری مەرگ و سەفەریان تێدا دەوروژاندم.

لەئێوارەیەکدا ئەو مرۆڤەم کوشت: کەهێشتاکە تێر نەیڕوانیبووە، قردێلە مۆرەکانی ئاوابوون.. هێشتاکە دوا نەفەسی جگەرەکەی تەواو نەکردبوو.. لەخوێندنەوەی کتێبە رەشتاڵەکە نەبوبۆوە...

تەها ژانتا رەشەکەیم لەگەڵ خۆم هێنا و لەماڵێ کردمەوە و کەوتمە گەڕان بەدوای پەنهانی نهێنییەکان و ئەو مرۆڤەی کە دەبوو بکوژرێت!؟

دوو بابەت لەیادشتەکانی، سەرنجیان راکێشام، یەکەمیان: (گەرمایەکی خەسێنەر، شالاوی دەهێناو گشت شوێن و جێگەیەکی داگیر دەکرد، درەختەکان هێندەیان نەمابوو بسوتێن، ئاو لەهەر جێگەیەکدا هەبوایە، دەبووە هەڵم، دیوارەکان وەك سلە بۆیەی دەستی منداڵی دەتوانەوە و جلی سەر تەنافەکانیش زەرد دەبوون و هەموو شتێك لەبەر چاوان لێڵ دەبوو.. گەماڵە پیرەکانیش گیانیان دەدا و جوجکە مراویەکانیش بێ هودە بەشوێن چاڵە ئاوێکدا دەگەڕان.. شەقامەکان قاچی پیادە رەوەکانی تێدا دەچەپی و ئۆتومبیلەکانیش تامپۆنیان دەکرد و جارجارەش گڕیان تێبەردەبوو.. بۆ هەر جێگایەك چوبایت، شەڕ و هەرابوو.. خەڵکی لەسەر بچوکترین قسە لێیان دەبووە شەڕ و زۆرجاریش چەند کەسێکی تێدا دەکوژرا و ژمارەیێکی زۆریش بریندار دەبوون... لەو رۆژەدا من و مارینا یەکدیمان خۆشویست....)

دووەمیشیان ئەم پەرەگرافە بوو...

(داپیرەی ئازیز.. داوای لێبوردنت لێدەکەم، نەدەبوو گۆڕەکەت هەڵدەمەوە و پلاتینی لاقت دەربێنم، بەڵام پێویستم بەپارە بوو، پێیان گوتم پارە دەکات، دەمویست ئافرەتێکی گاور بخوازم، بەڵێ ئافرەتێك وەك تۆ دڵنەرم و لەسەرخۆ...)

هەستم دەکرد ئەو زاتە هەموو ژیانی داگیر کردووم و بوومەتە نێچیری کوژراوێك.. نەمدەزانی چۆن لەبەردەستی هەڵبێم... هەر بۆیە بڕیارم دا لەماڵەوە بچمە دەر و لەو واقیعە ترسناکە بترازێم... رەنگە یادەوەرییەکانی ئێخەیان پێ نەگرتووم... رەنگە ئەوانیش مردبن!؟

لەوەدا بوو بچمە دەر، بەتوندی لەەرگا درا.. دەرگاکەم والاکردوو سەر و سزیمای خوێناوی ئەو زاتەم بینی... هاوارێکم لەزار دەرچوو، پاشان زارە ترەك بووم و نەمویرا پاڵی پێوە بنێم و هەڵبێم.. پشتاوپشت گەڕامەوە و لەقوڕنەییێکی ژوورەکەمدا بەچۆکدا هاتم و هەموو گیانم کەوتە لەرزین، ئارەقێکی سارد لەهەموو کونۆچکەکانی جەستەمەوە دادەچۆڕا، رەنگم تا دەهات تەڵختر دەبوو... تەنها ئەندێشەی سکرینی سینەماییێك بەمێشکم دا گوزەری دەکرد و ئاکاری تیمساحێکیش کە بە منداڵی لێی ترسابووم، پەیتا پەیتا دەهاتە بەرچاوم.

پاش تاوێك تارماییەکە رووی تێکردم و بەدەنگێکی گڕ پێی گوتم:

(نەدەبوو بمکوژی، دەبوو بتزانیایە ئێمە برای یەکدین و تەنها باوکمان جودایە...

-بەڵام من شتی وام نەزانیوە...

-دەبوو زانیبات.. کە هەفتەیەك پێش ئەوەی بمکوژێت... لەکاژێری دوازدەی شەودا،مارینام مارەکردوو پاش سێ کاژێریش کچێکمان بوو، ناومان نا بالارینا، ئێستا مارینا بێوەژنە و بالاریناش هەتیوو...)

ترس وەك باوە شەگری هاوینان، جەنگەڵستانی ناخمیان گردەدا و جارجارە شتێ لەسۆز و بەزەییان تییدا دەبزواندم، کە دەمێك بوو لەناخمدا مردبوو.. پێش کوشتنی ئەم نەگریسە، بیرم لەکەسیان نەکردۆتەوە و بۆ ساتێکیش بێزاریان نەرکردووم... نازانم (س) بۆ ئەمجارە کوشتنی ئەم نەگبەتەی بەمن سپارد، دەبێت چی کردبێ، لەوە ناچێت هیچ تاوانێکی هەبێت، زیاتر وەك شێتێك دێتە بەرچاوم، تۆ بڵێی پلانێك بەدەستەوە بێت بۆ کوشتنی شێتەکان، بەڵام بۆ!؟

دەنگی ناڵەو گریانێکی شێتانە، زریزەی ئەندێشەکانیان پەرت کردم و روانیمە ئەو تارماییەی کە تادێت شین هەڵدەگەڕێت و هەڵدەئاوسێت...

بە بەردەم وێنەی خۆم و خێزانەکەمەوە دەگریا، زۆرم لەخۆم کردووە بەترسەوە پێم گووت:

(بەڕێز، بۆ دەگریت؟

-ئەوە وێنەی مارینایە بەجلکی بووکێنییەوە، چ زوو فریاکەوتی.. مارەی بکەیت؟

-مارینای چی؟ ئەو فاتمی ژنمە و شەش مانگ لەمەو پێش، لەکارەساتێکدا تێداچوو.

-کوا بالارینای کچم؟

بالارینای چی، تەنها یەك کوڕمان بوو، ئەویش سەری ئەسپ بوو، هەر بەزیندوویێتی زیندەبەچاڵم کرد و لەو دەمەشەوە فێری کوشتن بووم.

-درۆ دەکەی؟

-درۆ ناکەم.

-ناکا بالاریناشت کوشتبێت، هەر وەك چۆن مارینات کوشت.. چاك بزانە یان بالارینا، یان دەتکوژم....)

پاش ئەوەی قەبارەی سێ هێندەی خۆی گەورەبوو، وەك شەك بەرازێکی ئەفسووناوی شالاوی بۆ هێنام... دەستی دایە ئێخەم و یەك دوو تف خەستی کردە نێو چاوانم لەوەدا بوو کە بمکوژێت... دەرگاکە بەتوندی لەلایەن کەسێکی نادیارەوە لیدرا پاش تاوێك تارماییەکە وەك گەواڵە هەوری بەهاران، لەبەرچاوم دا رەویەوە و هیچ گێرمە و کێشەیێك نەما.. تەنها خۆم بووم لەناوەڕاستی عەردی ژوورەکەدا، وەك مردووی سەرتاتە شۆڕێك راکشابووم...

لەو ساتەوە کەوتمە سۆراخی ناو و ناونیشانی.. تا بەرێکەوت پۆستەرێکم بینی، ناوی سیانی (شوان کەریم باپیر).. تەمەنی، بیست و پێنج ساڵ... پیشەی، ئەکتەری شانۆ.. لەتیپی (ش).. چوومە نێو ئەو تیپە بوومە ئەکتەرێکی کۆمبارس: لەیەکێك لەهاوڕێکانی نزیك بوومەوە و شتێکم سەبارەت بەژیانی چنگ کەوت.. بەڵێ، راستی دەکرد، لەگەڵ کیژۆڵەیەکی گاوردا کە ناوی مارینایە، پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە و کاتێکیش ئاشکرا دەبن، کچە لەلایەن کەسێکی نادیارەوە دەکوژرێت...

بەڵام ئەی ئەو کچە چییە، کە پاش سێ سەعات لەژن و مێردایەتیان بوویانە، ئەمە ئەو مەتەڵەبوو، کە بۆم هەڵنەدەهات و نەشمدەزانی چۆن سەری هەوداکە ببینمەوە.

بێ ئاگا بەرەو شوێنی تاوانەکە هەنگاوم نا... کە بێ ئاگا بەرەو شوێنی تاوانەکە هەنگاوم نا... کە گەیشتمە ئەوێ نەلاشەکەم دیتەوە و نەدڵۆپەخوێنە رەش بۆوەکان، سەیر لەوەدا بوو... ئەو چەقۆیە دیارنەمابوو کە تاوانەکەم پێکردبوو... ئەو پارچە بەردەی کە کەللەسەریم پێ هاڕیبوو، لەجێی خۆی نەجولابوو.. گەرچی دوای تەواوبوونی تاوانەکەش زۆر دوور هەڵمدابوو...

بەڵام سەرباری ئەوانەش دڵنیابووم کە کوشتبام....

دیارە ئەو زاتە بەرنامەیێکی هەبووە و کاری بۆ کردووە.. رەنگە بەشوێن، کچەکەیدا گەڕابێت.. بەشوێن هەرشتێکدا گەڕابێت و هەر بەرنامەیێکی هەبووبێ.. سەیر لەوەدا بوو، منی تەواو سەرقاڵ کردبوو.. تەواو لە (ترازابووم.. دوای ئەنجامدانی ئەم کارە نەمدیتبوو.. یان نەمدەویست ببیبنم، بێ هودەبەشوێن شتێکدا دەگەڕام، جارێك مارینا و جارێك بالارینا و جارێکیش خۆم...

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەدەگەڕام نەمدەوێرا بگەڕێمەوە ماڵۆچکە کەچەو پەچەکەم.. هەر رۆژەی لەماڵە خزمێك.. ئوتێلێك.. کەلاوەیێك..، یان لەپێچ و پەنای کوچە و کۆڵانێکدا دەخەوتم.. لەئێوارەیەکی نارنجیدا، کە بەو ئێوارەیە دەچوو کە ئەوم تێدا کوشت،

گەیشتمە بەردەم وێنەکەی شێخ و بەتیلەی چاو تێمڕوانی، غەزەب لەنێو چاوانی دەباری.. تۆ بڵێی ئەویش، ئەو نەگریسە بناسێت و نارەحەت بێت بەکوشتنی؟!

ئەمە چ بەڵاییێك بوو توشی خۆمم کرد، نازانم لەتاو پۆستەر و لافیتە و باس و خواس و پرسە و چلەی ماتەمینی ئەم نەگریسە بۆ کوێ رابکەم!

کچێکی پێنج ساڵانی چاوشین، لەپەنا خۆمەوە، وەك ومن دەیڕوانییە وێنەکەی شێخ، جلکی تەواو شڕبوو.. پێڵاوێکی پەڕۆی لەپێدابوو... بۆجاری دووەم کە تێیم روانی، هەستك کرد، تەواو لەو نەعلەتییە دەچێت.. تۆ بلێی ئەمە کچی زۆڵی ئەو نەگریسە بێت؟ بەڵام دایکی کێیە؟ تۆ بڵێی ئەمە ئەو کچە بێت کە پاشی سێ سەعات لەدایك بوو، تێناگەم، نازانم، خەریکە مێشکم بتەقێت، یەکەم جاربوو بەشێوە گریان ئەوکم پێبگرێت و هێندە لەوێنەکەی شێخ ووردببمەوە، تا هەست بەمەرگی خۆم و ئاوابوونی شتەکان بکەم.

دوو تارمایی لەپشتمەوە راوەستابوون.. رووم وەرچەرخان و ئاکاری رەشی یەکێکیانم بینی.. یەکێك بوو لەدۆستەکانی (س).. لەوەدابوو بروانمە ئەوەی دیکەش، قورسایی یەك بەرشینگم کەوت و خوینێکی رەش لەنێو قامکەکانمەوە داچۆڕایەوە خوار.. بەنێو تیکی کاشیەکاندا رێچکەی بەست.. ئاسمان رەش داگەڕا و درەختەکانیش هەر رەش و ساختمان و بیناکانیش وەك ئاردەدار بە بەرچاومەوە دەهاتنە خوار.. تەنها شتێك کە لەدوا ساتەکاندا سەرنجی راکێشام، وێنەی بالارینا بوو، کەلەباوەشی شێخدا، زۆر بەسەرسامییەوە دەگریا و بێهودە دەیڕوانییە کۆتایی شتەکان و مەرگی من.

## لاپەڕە -215-ی کتێبێك

شتێکم سەبارەت بەسەفەر، لە لاپەڕە -215-ی کتێبیکی کۆندا بەرچاو کەوت.. کەزاتێکی گەریدە نوسیبووی.

پاش خوێندنەوەی لاپەڕەکە، تەنها دوو وشەی لەمێشکمدا چەسپ بوو، کە هێڵێکی بنەوشەیی بەژێردا هێنرابوو، کە لەپاڵ یەکدا و لەنێو کەوانەیەکدا نوسرابوو: (زەمان و مەکان).

بەڵام هەموو ئەو سەفەرانەی کە من کردبووم، هیچ کات هەردوو وشەکەی لەیەك بازنەدا کۆنەدەکردەوە و بەو بێ بەش هەردەم هەستم بە لەنگیەك دەکرد.

نەمدەزانی چۆن چۆنی چەشن و شێوەی ئەو سەفەرە سەیر و سەمەرەیەی خۆم بگێڕمەوە، وکە پێم وابوو، لەهەموویان سەیر و سەمەرەتر بوو.

نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێبکەم.

هەموو ئەم دڵەڕاوکێ و پرسیارانە لەکاتێکدابەمێشکمدا گوزەری دەکرد.. کە لەبەردەم چوار پێنج مایکرۆفۆنی گەورەی دەمێك ساڵ لەمەوپێشدا دانیشتبووم، گرامافۆنێك لەلایەکی هۆڵەکە گۆرانییەکی دەمێك ساڵ لەمەوپێشی پەخش دەکرد.

نەمدەزانی چۆن چۆنی گەیشتوومەتە ئێرە!!؟

چەند دەمڕوانییە نێو هۆڵەکە، حەشاماتێك بە بێدەنگی و حەپەساوی تێیان دەڕوانیم.

لەو دەمەدا سەعات (شەش) بوو.

ترس و خۆفێکی شاراوەی ناخم، ئارەقەیەکی سارد و رەشی پێ دەردەدام.

هەروەك ئەوەی کە پێشتر ئاگادار بووبێتم، بەئاماژەیەکی بەڕێوەبەری کۆڕەکە.. سەیری لاپەڕە بۆرەکەی بەردەمی خۆمم کرد و دەمم هەڵهێنا و گوتم:

(بەڕێزان....!!؟)

گریانی منداڵێك کە نەمدەزانی لەکوێوە دەنگی دێت، بۆ ساتەوەختێك بێدەنگی کردم و پاشان گوتم:

(نازانم چۆن چۆنی باسی ئەو سەفەرەی خۆمتان بۆ بکەم... رەنگە لەو دەمەوە دەست پێبکات.. کە چوومە نێو ئەو کەشتییە چارۆکەدارەی، کە سی و سێ ئاڵا جۆراوجۆرەکەی پێوە بوو.

سەرەتا کە چوومە نێو کەشتییەکە، هەستم بەوە دەکرد، کە کات ئێوارە وەختێکی بنەوشەییە و ژمارەی کەسەکانی نێو کەشتییەکەش بەمنیشەوە، دوانزە کەسێك بین.

یەکێکیان، دکتۆر و دوانیان پیاو کوڕ و ژنەوانەی دیکەش بەتەواوی دیار نەبوو، کەچ کارەن!؟

بەڵام ئەو هەبوو، ریش سپیەکەیانم وەك کابرایەکی دیندار دەهاتە بەرچاو.

سەیر و سەمەرەیی لەوساتەوەختەوە دەستی پێکرد، کە بۆ ماوەیەکی زۆر روانیمە ئاسمان و هەستم بەنەگۆڕانی ئەو ساتەوەختە بنەوشەییەی ئەو ئێوارەیەکرد، هەروەك ئەوەی ئاسمان بووبێتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی نەگۆڕی ئەو ساتەوەختە.

بەڵام کەشتیەکە دەجولاَ و هێور هێور شەپۆلەکانی دەبڕی.. لەساتەوەختی نغرۆبوونمان و بگرە و بەردەی تۆفانەکەشدا، وێنەی ئاسمان هەر نەگۆڕا.. لەو کاتەدا هێز و بڕستمان لێبڕا و هەموو هیوایەکیشمان دوعا و نزای پیاوە دیندارەکە بوو.

ئەویش بەناچاری و هەر بۆ ئەوەی کە بەردەوام بێت، سەدان جار، هەمان دوعای دووبارە کردەوە و پێشم وابوو کە هەر ئەو دوعایەی دەزانی.

ئیدی نازانم، پاش ئەوە ئەوانیش وەکو من خەوتن!!؟

یان بەتەنها هەر من خەوتم...)

کوڕگێڕەکە پەرداخێك ئاوی دامێ..

سەیری سەعاتە هەڵواسراوەکەی لای دەستەچەپی هۆڵەکەم کرد، سەعات (شەش) بوو.

زارم هەڵهێنا و گوتم:

(بەرەبەیانێك خۆم لەدوورگەیەکی گچکەدا بینییەوە.. کەلەژێر سێبەری پیرەدارێکدا راکشابووم.. گەرچی کەنارەکە زۆر نزیك بوو لەو شوێنەی کەمنی لێ راکشابووم.. بەڵام تا گەیشتمە کەنارەکە، نیوە رۆژێك بەرێ چووبوو.

هەر وەك ئەوەی کە هیچ کەشتیەکی چارۆکەدار، لەم کەنارەدا تێك نەشکابێت، هیچ پارچە و شوێنەوارێکی تێکشکاوی هیچ کەشتیەکم نەبینییەوە.

هەر هێندەی ریزە درەختەکانم تێپەڕکرد و تۆزێ بۆ ناوەوەی دوورگەکە هەڵکشام.

رووبەڕووی دەرگا کۆنەکەی ماڵەکەی خۆمان بوومەوە...

بەنیازی دڵنیابوون، زیاتر لێی ینزیك بوومەوە و دەرگاکەیم ترازاند و چوومە ژوور، هێشتاکە، پەردەکان.. سیسەم و جل و نوێن و مافوور و پەرە داخراوەکانی سەر عەردی ژوورەکان و وێنەگەورە لەچوارچێوە گیراوەکەی باپیرم لەژووره گەورەکەدا هەڵواسرابوو...

لەجێگە و شوێنی خۆیاندا و هەروەك ئەوەی کە کەس دەستی بۆ نەبردبن، مابوون......).

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و روانیمە سەعاتەکە..

سەعات (شەش) بوو.

درێژەم دایە و گوتم:

(پاش ئەوەی رۆژانێکی دوور و درێژم لەو ماڵە کۆنەی خۆماندا و بەتەنیا بردە سەر.. کەسانێك بەچاو بەستراوی بۆ ئێرەیان پەلکێش کردم).

چەند پرسیارێکی نوسراوم، لەکەسانێکەوە پێ گەیشت.. کە لەنێو هۆڵەکەدا دانیشتبوون، یەکێك لەپرسیارەکان باسی لەوەدەکرد کە گواکیە، من عومرێکی دوور و درێژم لەم هۆڵەدا بردۆتە سەر و رۆژانە لەهەمان سەعاتدا.. هەمان قسەکانی پێشوو دووبارە دەکەمەوە و لەڕاستیشدا و بەدرێژایی ژیانیشم.. لەدەرگای ئەم هۆڵەوە نەچوومەتە دەر، جا چ جای سنووری شار و سەفەرکردن!!؟

هێشتاکە لەخوێندنەوەی پرسیارەکە نەبوومەوە، کە کابرایەکی چوارشانەی ورگ زل، هەستایە سەرپێ و بەپەشۆکاوی و چەشنێك تووڕەبوونەوە... گوتی:

(بۆ خۆت دەزانیت، کە سەدان ساڵە سەفەر و هاتوچۆ بۆ دەرەوەی ئەم شارە قەدەغەیە.. تەنها لەنێو دوو تویی کتێب و ئەم کوڕ و قسانەی تۆوە، شتێك لەماجەراکانی سەفەر حاڵی دەبین..

بەڵام چۆم دەبێت ئەم هەموو شتانەمان بۆ بگێڕیتەوە، لەکاتێکدا تۆش وەك ئێمەیت و هیچ کاتێك سەفەرت نەکردووە!!؟)

رووم کردە حەشاماتەکە و گوتم:

(سەعات چەندە؟!)

هەموو پێکەوە وەك قوتابی پۆلێکی سەرەتایی وەڵامیان دامەوە و گوتیان:

(سەعات شەشە).

پاش یەوك دوو جار پژمین، گوتم:

(لێرە هەمووکاتێك، هەر سەعات شەشە).

هێدی هێدی و لەسەرەخۆ،خۆم گەیاندە بەر دەرگای دەرەوەی هۆڵەکە و چوومە دەر....

پاشان بەپەلە پروزێ دوورکەوتمەوە..

چەند جارێك، ئاوڕم لەپاش خۆم دایەوە و دوای ئەوەی لەدڵنیا بوونم لەوەی کە هیچ کەسێك، وە دووك نەکەوتووە..

لەژێر سێبەری پیرەدارێکدا، لێی راکشام..

هەورە تەڵخەکانی ئاسمان، هێدی هێدی دەڕەوینەوە، پێم وانەبوو، کە جارێکی تر بتوانم... بچمە وە بۆ نێو هەمان هۆڵ و شتێك بۆ کەسانێك باس بکەم، کەوەك منن.

پاش شەکەتی و ماندووبونێکی تەواو.. پێڵوەکانم لێك ناو پێش ئەوەی تەواو بچمە نێو خەونێکی قووڵەوە، کتێبــی گەڕیدەکەم لەدەستبەربۆوە...

تەنها لاپەڕەیەکیش، کەلەو کتێبەدا خوێندبوومەوە...

لاپەڕە -215- بوو!!؟

## نیو هەنگاو بۆ تێپەڕکردنی سنوورێك

نازانم کیسەڵ بوو، یان خودەیەکی سەربازی.. ئەوەندە دەزانم لەچەقی رێگایەکی خۆڵاویدا بێدەنگ ئۆقرەی گرتبوو.. هێندە بەسام بوو.. نەمدەتوانی هەڵاوگێڕی بکەم و لەبنڕا لەناوەخنەکەی تێبگەم.. ئەو مێشانەی کە تێی وروکابوون، هێندە گەورە بوون.. پێدەچوو لەناوەخنی ئەو شتەدا، خۆراکێکی تایبەتی هەبێت و ئەمانی خەنی کردبێت!؟ نازانم چەند تێم روانی، بەڵام دواجار هەموو هەوڵدان و کۆششەکانم بۆ تێپەڕکردنی سنووری گیزە گیزیان بەناکامی گەیشت.. لەنێو پانتاییەکانی خۆڵبارانداا.. چاوەڕێی شتێك بووم، یان رەنگە چاوەڕێی هیچ نەبووبم!؟

هێندەی نەبرد خۆڵ خودەکە، یاکیسەڵەکەی داپۆشی و شوێن پێی تەنها کەسێك کە بەوێدا گوزەری کردبوو، ونبوو.. دەریایەك لەشەپۆلەکانی خۆڵ، بەئاسماندا مەلەیان دەکرد و هێدی هێدی هەموو شتێکیان دادەپۆشی.. تەنها من نەبێت، کەهەردەم و بەردەوام پێم بەسەر خۆڵەکەوە بوو..

دەبوو قسە لەگەڵ سەرۆکدا بکەم.. گوێم لەدەنگی بوو: (پاش ئەوەی تۆم کردە پاڵەوان.. بۆت نیە بکشێیتەوە و تەنانەت یەك هەنگاویش بنیتە دواوە...).

نازانم بۆ تەواو، باوەڕم بەقسەی ئەو پیاوە هەبوو، هەردەم گوێشم لەدەنگی بوو.. بەردەوامیش شێوە و ئاگاریم لەگشت شتێکدا بەدی دەکرد.. تەنانەت لەنێو ئەو خۆڵبارانەشدا، کە لەخۆم زیاتر کەسم نەدەدی، بەڵام وام هەست دەکرد، کە ئەو لەنزیکەوە ئاگای لەمن بێت و چاودێریم بکات.

بەدرێژایی ساڵانی جەنگ، یەك دڵۆپە خوێنم بەدی نەکردوو هەردەم و دەسبەجێ خۆڵێکی رەش زامەکانی دادەپۆشی و جەستە راکشاوەکانیشی دەشاردەوە.

جفرەیەکی سەرۆکم پێ گەیشت و خێرا دەستم دایە ئەلبوومەکە و هەموو وێنەکانم سووتاند.. نازانم بۆ دەیویست هیچ وێنەیەکی لەئەلبوومەکەدا نەمێنێت؟! تەنها وێنەیەك بوو، کە نەمدەناسی و نەشمدەزانی کێ خستویەتە نێو ئەلبومەکەم.. نازانم بۆ وا هەستم دەکرد، کە رەنگە وێنەی ئەو کچۆڵە رووکار زەردە بێت، کە پێش شەش مانگ لەمەو پێش لەجێگا و شوێنێکدا، کە تەواو لەیادم

نەماوە، بەدیارمەوە دەگریا.. کە جلکە سەربازییەکانیان سوتاندم، تەنها ئەو دەگریا.. کە پۆستاڵەکەشیمان لەبەرمیلێکی ژەنگاوی هاویشت، نازانم کێ بوو، دەیلوراند.. ڕەنگە ئەو سەگە بووبێت، کە بەمنداڵی بەرماوەی خۆراکم بۆ ڕۆدەکرد...

ڕەنگە هەر لەوڕۆژەوە دنیام جێ هێشتبێت.. یان ڕەنگە پاش ئەوە بووبێت.. بەهەرحاڵ، هەرچۆنێك بێت و بووبێت، من دنیام جێهێشت و هەر دەشبوو جێی بهێڵم..

کەلەئوتومبیلە خۆڵاویەکە دایگرتم و ساختمانە سپییەکەم بیینی.. نەمدەویست بچمە ژوورەوە، هێشتاکە قسەکانی سەرۆك لەمێشکمدا دەزرنگایەوە:

(هەر جێگە و شوێنێك، نیشانە یان ئارمی خاچی پێوە بوو، بەمردوێتیش خۆتیان تەسلیم دەکەیت و نەچیتە ژووە!؟).

سەیر لەوەدا بوو، ساختمانەکە بۆ خۆی خاچێکی گەورەبوو.. پەتۆکەم فڕێداو سوێندم بەسەری سەرۆك خوارد کە ناچمە ژوورێ.. هەردوو پیاوە نەیارەکە بزەیان هاتێ.. ڕەنگە ئەوان سەرۆك نەناسن... یان ڕەنگە سەرۆك لای ئەمان نکوڵی لەناسینی من کردبێت!!؟ یەکێك لەپیاوە نەیارەکان پێی گوتم:

(با بەترسنۆکت نەزانن.. تۆ پاڵەوانیت و دەبێت سڵ لەچوونە ژوورەوە نەکەیتەوە...).

وەك پاڵەوانێك ڕاوەستام و لەنێو مەودای ساختمان و مەدالیاکانی سنگمدا.. هەستم بەئامادەوبوونی حەشاماتێکی گەورە دەکرد.. کە وێنەی منی پاڵەوانیان بەرز کردبۆوە و ژمارەیەکی زۆریش یان چەپڵەیان دەکوتی.. جارجارەش گوێم لەدەنگ و نووزەی کچۆڵەیەك دەبوو، کە نەمدەزانی لەچ جێگە و شوێنێکدایەو بۆ کێش دەگری؟!

دار و دیوار پێدا هەڵدانی پاڵەوان بوو.. تەنها لەیەك لافیتەدا، بەهەڵە نووسرابوو (شەهیدی پاڵەوان) هەر زوو پێچایانەوە و هەڵگرەکەشیان دەستگیر کرد!؟ گەرچی پێم ناخۆش نەبوو، بەڵام نازانم بۆشیلگیر تربووم، کە نەچمە ژوور.. یە دوو شەقم هاویشت و یەك دوو جوێنی تەڕیشتم لەزار بەرنەبۆوە...

پاڵەوان بۆی هەبوو، هەموو شتێك بکات!!؟

ژمارەیەك لەپیاو ماقولاّن، لەنێو ساختمانەکەوە دەرپەڕین و مەدالیاکانیان لێکردمەوە و بەزۆر جلەکانیان لەبەر داکەندم و پۆستاڵەکانیشیان تورِ هەڵدام...

هەر چوار پەلیان ڕاکێشام و زۆر بەسانایی بردمیانە ژوور لەسەر پەتۆیەکی ڕەش پاڵیان خستم و لەنێو ناو نیشان و ژمارە سەیر و سەمەرەکانی ژوورەکاندا.. سەرم وەگێژ چوو.. گوێم لەدەنگێك بوو، فەرمانی کرد:

(ژووری سفر)

بە لاّم بۆ ژووری یەخچاڵ، خۆ هێشتاکە نەمردووم!؟ پێدەچوو لەوشە نەگوتراوەکانیش بگەن.. هەر بۆیە ئاڕاستەی ڕۆشتنیان گۆڕی و بەکرەو ژووری 1/2 هەنگاویان نا.. چونکە لێرەدا تەنها پەلەکان دەبڕدرێنەوە.. بەڵام هەر چۆنێك بێت، لەژووری یەخچاڵ باشتر بوو!؟

گەرچی تەنها زامێکی گچکە لەلاقی ڕاستمدا هەبوو، بەڵام بەپێی پلانی تیمی نێو ساختمانەکە.. دەبوو لاقێکم هەر ببڕن.. دەیانزانی پاڵەوانێکی وەك من، بەیەك لاق ناتوانێت بجەنگێت!؟

شەو درەنگان سستەرێك هاتە لام و باسی ئەو شارۆچکەیەی بۆ کردم، کە پیاوەکانی هەمو بێ لاقن و شەقامکانیش لەجێی ئوتومبیل تەنها کورسییە بە پێچکەکانی ئەوانی تێدا هاتووچۆ دەکات..

پاشان بەدەنگێکی نزم و لەسەرەخۆ، پێی گوتم:

(دەبێ خۆشحاڵ بیت، کە هەردو لاقیان نەبڕیتەوە.. ڕەنگە لەجێگەیەکی تری ئەم دنیایەدا وڵاتێك هەبێت بۆ بێ قاچەکان و پێ دەچێ ئیش و کاریشیان تەنها تێ ڕوانینی فیلمی منداڵان بێت).

هێشتاکە جلە سەربازییەکانم تەواو نەسووتابوو، کە سەرۆك بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و پێی گوتم:

(چاوەڕێتین)

دەمزانی بەبێ من هیچیان پێناکرێت!

تازە من ئەو ئەفسانەیە بووم، کە گرەوی جەنگی پێ دەبرایەوە.. بەخێرایی تاکێ پۆستاڵیان کردە پێم و دار شەقێکیان دایە دەستم و دووربینەکەشیان کردە ملم، بۆجارێکی تریش مەدالیاکان سنگمیان ڕازاندەوە و لەلایەن حەشامەتێکیشەوە، بەچەپڵە ڕێزان بەرێکرام.

سەربازەکان وەك خۆیان بوون، تەنها شتێك کە گۆڕدرابوو، کەمبوونەوە ژمارەی لاقەمان و زیادبوونی ژمارەی دارشەقەکان بوو!!؟

بەڵام سەرباری ئەوەش هەموو شتێك ئاسایی بوو.. هێشتاکە کە دڵۆپە خوێنێك لەهیچ زامێکەوە نەچۆڕابوو.. هێشتاکە خوێنی هیچ سەربازێك نەرژابوو.

نیوە شەو سەرۆك گەیشتە لام و بۆ یەکەمجار بە پەشۆکاوی بینیم و پێی گوتم:

(تا ئێستاکە نەم هێشتووە، دڵۆپێك خوێن برژێت.. کەچی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئەم جەنگە بە خۆڵەپەتانێ ناو دەبەن.. سەروخۆم داوای جەنگێکی خوێناویم لێ دەکەن و منیش نەپێم خۆشەو نە دەشتوانم خوێن ببینم.. هەر بۆیە پێش ئەوەی بگەمە لات، لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، دەست لەکارکێشانەوە خۆم بەرەسمی ڕاگەیاند و ئێستاش تەنها دەتوانم یەك کاژێر لات بمێنمەوە و دواتر ڕبەرو ساختمانی خاچەکە بەڕێ دەکەوم.. پێم خۆشە، ئەمشەو دوا هێرش و دوا لاپەڕەی پاڵەوانی خۆت بۆ مێژووی تۆمار بکەیت... بەڵام نابێت لەفەرمانم دەربچیت و ڕازی نیم، تەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیش برژێت).

چادرەکانمان پێچایەوە و بۆ یەکەمجار لەبەردەم سەربازەکاندا ڕاوەستام و پێم گوتن:

(سەرۆك لەبۆردومانێکی دوژمندا، هەر چوار پەلی لەدەستدا و ئێستاش بۆ چارەسەر بەرەو وڵاتێکی دی گوێزرایەوە.. دەبێ ئێمەش لەتۆڵەی ئەو مەزنە، هێرشێکی بەرفراوان بەرینە سەر دوژمن و ئاگاداریشتان دەکەم، کە ڕێگە بە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی جەنگ دراوە، تەنها ئەو شێوازانە نەبێت کە دەبێتە مایەی خوێن ڕشتن).

لەئێستادا تەنها ساتەکانی دەسپێکردنی هێرشەکەم لەبیرەو ساتەکانی تەواو بوونیم لەیاد نییە.. یان ڕەنگە هێشتاکە هەر نەوەستابێت.

بەدرێژای هێرشەکە دڵنیابووم لەوەی کە سەرۆك لێم ڕازییەو هەردەم دەستی دەخستە سەر شانم و پێدەکەنی.. ئەو تەنها بە بینینی خوێن قەڵس دەبوو!؟

پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ ئەو سستەرەدا پەیدا کردبوو، کە لەنێو ساختمانەکەدا کاری دەکرد، بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکردم و داوای سەربازی نوێی لێدەکردم... تاوەکو کاری برینەوەی پەلە زیادەکان بەردەوام بێت.. نەمدەویست نان بڕاو بێت.. بەردەوام سەربازە زامدارەکانم بۆ دەنارد و زۆر جارانیش ساغەکانیشم بۆ ڕەوانە دەکرد.. ئەویش جار ناجارێك نامە ڕەشەکانی بەناونیشانی، پیاوێکی خۆڵاوی بۆ دەناردم.

(نابێت خوێن برژێت)

هەردەم بەپێی ئەو گوتەیە کارم دەکرد، ڕەنگە ڕژانی تەنها یەك دڵۆپە خوێن کۆتایی بەجەنگ بهێنێت، یان جەنگێکی سەیر و سەمەرەتر هەڵگیرسێنێت.

بۆ یەکەمجار پۆلێك لەباڵندە خۆڵاوییەکان، ئاسمانی گۆڕەپانەکەیان تەنی و چمکێکی ئاسمانی خۆڵاوییان بە دیار خست و چەشنێك لەنیگەرانیان لا جێ هێشتم.

ئاسایی نەبوو، ئەو باڵندانە بەوێدا بفڕن.. پاش تاوێك لەبێدەنگی، سەربازەکان بەڕاشکاوی لەپەڕ و باڵی باڵندەکان ئاڵابوون.

ئەمجارەیان جێی خۆڵباران، پەڕ و باڵی خۆڵاوی دەباری.. سەربازەکان لەفەرمانەکانم یاخی بوون و بۆ یەکەمجار بوو کە هەستم دەکرد، فەرماندە نیم..

سەدەهایان بەبەرچاوی خۆمەوە، بێشەرمانە ڕادەکشان و چاویان لێك دەنا..

بەڵام ئەوەیان چاك بوو، زامەکانیان خوێنی لێ نەدچۆڕا.. وام هەست دەکرد، هێشتاکە بەپێوە بم، یان ڕەنگە وەك ئەوان ڕاکشابام.. ڕەنگە هەموو شتێك کۆتایی هاتبێت، یان کێ دەزانێ ڕەنگە لێرەشەوە شتەکان دەسپێکیان هەبێت..

تەنها شتێك کە سەرقاڵی کردبووم.. نەدەبوو کەسیان قسەی سەرۆك پشتگوێ بخەن و ڕێگە بە دڵۆپە خوێنێك بدەن، لەزامێکەوە دابچۆڕێ!؟

تەنها شتێکی گرنگ: (نەدەبوو خوێن برژێت)

هێورهێور ئاسمان شین هەڵدەگەڕا و گەواڵە هەورەکانی خۆڵبارانیش دەڕەوینەوە...

تەنها ڕێگەیەکی ڕەش و بێ کۆتا درێژە دەبۆوە.. کە لەچەقەکەیدا خودەیەك ئۆقرەی گرتبوو.. ئەو مێشانەی کە تێی وروکابوون، سوور هەڵدەگەڕان و پاشان بەردەبوونەوە.. لەدڵۆپە خوێن نین.. پێش ئەوەی چاوم لێك بنێم و وەك هەموو ئەوانەی دیکە بخەوم...

دوا نامەم بۆ سەرۆك نووسی:

(گەورەم... سەرۆك
رەنگە جەنگ لەئێستادا كۆتایی هاتبێت، یان دەستی پێكردبێت.. بەدرێژای ئەو مێژووەی كەئێمە تێیدا بووین، نەمانهێشتتەنانەت یەك دڵۆپە خوێنیش بڕژێت.. گەر پرسیاری ئەو خودەیەی چەقی رێگا و ئەودڵۆپە خوێنانە دەكەیت، ئەوە دڵنیات دەكەینەوە كە تەنها كۆمەڵێ مێشی سوورن: كە دەیانەوێت پاكی و بێگەردی جەنگە رەواكەمان لەكەدار بكەن و گیزە گیزیشیان تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەرێزتان و چەواشەكردنی مێژووە...
ئیمزا: پاڵەوان)
نامكەم هەڵگرت و بەسكە خشكێ بەرەو خودەكە كشام.. دەبوو بەخێرایی بگەمە لای و رێ لەبەر بوونەوەی دڵۆپە خوێنەكان بگرم، یا بابڵێین مێشە سوورەكان..
نەدەبوو خوێن بڕژێت، بەتایبەتیش خوێنی سەری پاڵەوانێك؟!
هەموو هەوڵەكانم بێ هودە بوو، جەستەم بەبێ ئەو خودەیە یان ئەو كیسەڵە یان ئەو سەرە، یان هەرشتێكی ناو دەبەیت، نەیدەتوانی ببزوێت.. چنگەكانم لەجێی خۆیان زیاتر رۆچوون و پێیەكانیشم بە پەڕی باڵندە خۆڵاوییەكان داپۆشراون ملیشم تەنها دوو دەماری دەبزوا.. بەشەكەی تریشی لەنێو خودەكەدا بوو....
دراشەقەكەش زۆر دوور كەوتبۆوە..
بەهێمنی و بەبێ رژانی تەنها یەك دڵۆپە خوێنیش گەمە تەڵخەكانی جەنگ، چەكەرەیان دەكرد..
گەرچی هێشتا نامەكەم نەگەیشتبووە دەستی سەرۆك، بەڵام نامەیەكی ئەوم لەبەردەم خودەكەدا بینیەوە و تێدا هاتبوو:
(پاڵەوان...
دەزانم ئەو دڵۆپە خوێنانەی كە لەسەرتەوە دادەچۆڕێن و.. تەنها كۆمەڵە مێشێكی لاسارن)
پاش ئەو وشە بەنرخانەی سەرۆك، رۆحم تەواو ئاسوودەبوو.. بۆ یەكەمجار هەموو دەمار و بۆرییە خوێنە گرژەكانی جەستەم ئاوەڵا كردو نەك چەند دڵۆپە خوێنێك، بەڵكو دەریایەك لەخوێنم دەرخواردی ئەو مێشانە دا، كە بەدرێژایی ساڵانی جەنگ نەمتوانی سنووری گیزەگیزیان تێپەڕ بكەم.

**واگۆنی ژمارە حەوت**

بەتەنیا، دەمڕوانییە وێنەی نەگۆڕاوی ئەو بیابانەی كە كۆنە شەمەندەفەرەكەی پێدا تێپەڕ دەبوو، ئەو چرە دووكەڵە رەشەی، كەلەبەشی پێشەوەی شەمەندەفەرەكەوە بەرز دەبۆوە.. لەدرزو كون و كەلێنی واگۆنەكەوە دەهاتە ژوور.
كەلەئیستاسیۆنەكەدا سۆراغی شەمەندەفەری ئەو شارەم كرد.. نەمدەزانی كە هەفتەی یەكجار و تەنها یەك شەمەندەفەر بۆی دەچێت، ئەمە جگە لەوەی، كەبەهیچ شێوەیەك تەسەوری ئەوەم نەدەكرد.. كۆنە شەمەندەفەرێكی لەو چەشنە، هێشتاكە مابێت و ئیش بكات، چونكە پێشتر تەنها لەنێو فیلمەكاندا، شەمەندەفەری ئاوا قەدیم بینیبوو.
دوای ئەوەی كە بلیتم بڕی و ماوەیەك چاوەڕێم كرد، جگە لەخۆم هیچ كەسێكی دیكەم نەبینی، كە چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەرەكە بكات، بەپێی ژمارەی سەر بلیتەكە، دەبوو بچوومایەتە نێو واگۆنی ژمارە سیانزە، بەڵام بەو پێیەی كە هەموو واگۆنەكان چۆڵ بوون هەر لەخۆمەوە چوومە نێو واگۆنی ژمارە حەوت، كە تەنها یەك كورسی لەتەختە دروستكراوی داڕزاوی تێدا بوو.
نازانم پاش ماوەیەك، بەڕاستی شەمەندەفەرەكە كەوتە رێ .. یان پێم وابوو كە كەوتووەتە رێ.. چونكە پاش چەند سەعاتێكیش، جگە لەو چڕە دووكەڵەی، كەنێو واگۆنەكەی قانگ دەدا، هیچ هەستم بەجووڵەی شەمەندەفەرەكەو كەوتنەگەڕی مەكینەمانی نەدەكرد.

یەکەم جار بوو، سەفەر بۆ ئەو شارە بکەم.. کەوەك بەحەکایەت بیستبووم، خەڵکەکەی لەهیچ ئان وساتێکدا، گەر بارانیش نەبارێ.. بەبێ لەبەرکردنی جلی تایبەت و هەڵکردنی چەترەکانیان، ناچنە دەر، تەنانەت خانوو بەرەو ساختمان و بیناکانیشیان، وەك دەیانکێڕایەوە، بەشکڵ و شێوە، هەر بەچەتر دەچن.

پاش بیستنی ئەو حەکایەتانەی، کەلەئێستادا وەبیرم نایەتەوە، کێ بۆی گێڕامەتەوە..

خۆم لێ دەبووە موسافیرێکی ئەو شارەو بەنێویدا دەگەڕام.

تەنانەت جارێکیان، لەبەر خۆمەوە گوتم:

(رەنگە خەڵکی ئەو شارە، زۆر سڵ لەئاوی باراناو بکەنەوە).

وا دەهاتە پێش چاوم، کە رەنگە ئەو جلە تایبەتییەی کەلەبەریان دەکرد.. زۆر لەجلی ئەو کەسانە بچێت کە دەچنە بۆشایی ئاسمان.

تەنانەت لەزیندە خەونێکمدا.. هێندەی نەمابوو، بەبێ لەبەرکردنی جلی تایبەت و هەڵکردنی چەتر، لە بینایە بێمە دەرەوە، کە نازانم بۆ چووبوومە نێوی.. بەپەلە دوو زەلام، منیان لەژێر چەترەکانیان ناو، بردمیانە شوێنێك پاش ئەوەی چەند دوگمەیەکی بەشی سەرەوەی جلەکایانان ترازاند، جلە داخراوەکانیان، تا سەر سنگیان داماڵی و پاش هەڵمژینی هەناسەیەکی قووڵ، یەکێکیان وتی:

(دەبوو زانیبات، کەبەبێ چەترو ئەو چەشنە جلەی کە هەموو کەسێکی ئەم شارە لەبەریدایە.. چوونە دەرەوە قەدەغەیە، حەز دەکەم ئەوەشت پێ رابگەیەنم، کە بەدرێژایی ژیانم.. هیچ کەسێکم نەبینوە، کە لەجێگەو شوێنێکی دیکەوە، رووبکاتە شارەکەمان).

گوتم:

(ئێستا گەیشتوومەتە نێو شارەکەتان).

بزەیەك کەوتە سەرلێوی و گوتی:

(تاکە رێگەیەکی هاتنە نێو شارەکەمان.. ئەو هێڵە ئاسنینانەیە، کە هەفتەی یەکجار، تەنها شەمەندەفەرێکی پێدا تێپەڕ دەبێت و دەرەونگ وەختانێك دەگاتە نێو کۆنە ئیستاسیۆنی شارەکەمان، بەو پێیەش کە ئەمڕۆ چوارشەممەیە، واتە دەبێت، دوێنێ گەیشتبیتە ئێرە، باشە لەشارەکەی ئێمەدا هیچ ئوتێل و میوانخانەیەك نییەو هیچ کەسێکیش بۆی نییە کەسێکی نامۆ بەشارەکەمان دالدەبدات و بیانباتە لای خۆی، ئەوی دوێنێ شەو لەکوێدا ماویتەوە!!؟).

چەندم بیر لێکردەوە نەم هەر دوێنێ شەو.. بەڵکو پێرێ و بەسر پێرێ شەویشم، وەبیر نەدەهاتەوەو نەمدەزانی لەکوێدا بووم.

پاش ماوەیەك، هەردووکیان لەدەرگاکە چوونە دەرەو جێیان هێشتم.

چاوێکم بەدیوارەکانی ژوورەکەدا گێڕا، لەبەشی سەرەوەی دیواری دەستەڕاستدا،

نووسرابوو، واگۆنی ژمارە حەوت.

هێندەی نەبرد، هەردوو زەلامەکە هاتنە ژوورێ و چەترێك و دەستێ جلی لەوەی خۆیان دامێ.

لەجامی تەڵخی واگۆنەکەوە، روانیمە بیابانەکە.. هەمان دیمەنی نەگۆڕاوم، کەتە بەرچاو.

وەك هەمیشە، کاتژمێرەکەی خۆمم لەدەستدا نەبوو.. هەربۆیە نەمدەزانی کەچەند سەعاتە لەنێو واگۆنەکەدام.

لەدڵی خۆمدا گوتم:

(تۆ بڵێی ئەمجارە بەڕاستی بەرەو ئەوشارە بچم، کەپێشتر تەنها بەخەیاڵ و لەزیندەخەونەکانمدا، بۆی چووم!؟).

جارێکیان، لەیەکێك لەپەرستگاکانی ئەوشارەدا.. کچۆڵەیەکم بینی، کە لەبەردەم پەیکەری پیاوێکی زۆر ناشرین و دزێودا، دەگریا . لەوکاتەدا، بیرم لەهەموو ئەو کچۆڵانەکردەوە.. کەبەدرێژایی ژیانم، حەزم لێکردبوون، هیچیان لەو نەدەچوون!؟ رەنگی چاوو پرچەکانی زۆر نائاسایی بوون، لێوەکانی تابڵێی گۆشتن و پڕ بوون.. باڵابەرزو باریك بوو، رەنگی دڵۆپە فرمێسکەکانی بنەوشەیی و قەبارەشی زۆر لەدڵۆپە فرمێسکی بنیادەمی ئاسایی گەورەتر بوون ئەمە جگە لەوەی کەهیچ کاتێك ئاگاداری گریان هیچ کامێك لەو کچانە نەبووم.. کەپێشتر حەزم لێکردبوون!؟

هەرچۆنێك بوو، خۆم لێ نزیك کردەوەو گوتم:

(بۆ دەگریت؟)

پاش ئەوەی بۆ چەند جارێك، هەمان پرسیارم دووبارە کردەوە، گوتی:

(کێ هەیە، لەحزووری زاتێکی موبارەکی وادا نەگری!؟).

هەر بەمەبەستی دواندنی گوتم:
(راستە، منیش هەر بەمەبەستی زیارەتکردنی ئەو.. خۆم گەیاندۆتە ئێرە).
بۆ ماوەی سەعاتێك.. دوورونزیك، چاودێری کچۆڵەکەم کرد، هەر کەپەرستگاکەی جێ هێشت، وەدووی کەوتم.. بەڵام بەو پێیەی تێکەڵ بەکۆمەڵێ پیادەڕەوی دیکەبوو، کە هەر هەموویان هەمان جلی هاوشێوەی ئەوەی ئەویان لەبەردابوو، جگە لەچەترە لێك چووەکانیان، هەر بۆیە، لەگەڵ پیادەڕەوەکانی تردا.. لێم تێکەڵبوو.
دوای ماوەیەك، بەبەردەم باخچەکەیدا رەت بووم.
سەرەتا کەلەسەر شۆستەکەی بەردەمییەوە تێم روانی.. پێم وابوو، هەموو ئەو دارو درەخت و گوڵ و گوڵزارە عەجایەبەی نێوی، راستەقینەن.
بەڵام کەبەنێویدا گوزەرم کرد.. سەیرم کرد، هەر هەمووی لەنایلۆن دروستکراون.
چەند گەڕام، تاکە شتێکی راستەقینەو سروشتیم لەنێو باخچەکەدا نەدۆزییەوە.
هیچ جۆرە باڵندەیەك، لەسەر لق و چڵ و پۆپی داروردەختە نایلۆنییەکان نەبیشتبۆوە.
گەرچی لەهیچ شوێنێکی تری شارەکەشدا، هیچ چەشن و جۆرێکی باڵندەم بەرچاو نەکەوتبوو.
لەوکاتە، شەقامەکانی شارەکەم هاتەوە پێش چاو.. کەهی جۆرە ئوتومبیل و ماتۆڕو پاسکیل و چوار چەرخەیەکی پێدا نەدەڕۆیشت.
شارێکی تابڵێی کپ و خامۆش بوو، بەئەستەم گوێت لەدەنگێك دەبوو..
دوو زرتە زەلامی کەڵەگەت دەرگای واگۆنەکەیان کردەوەو یەکێکیان بەباوەش، جەستەی مردوویەکی هێنایە ژوور.
بەرامبەر بەو کورسییەی کەلەسەری دانیشتبووم، لەسەر پەتۆیەك پاڵی خست.. دەرگاکەیان پێوەداو پاش ئەوەی کەمێك لەجامی واگۆنەکەوە، سەیریان کردم.. لەبەرچاومدا، هەروەك ئەوەی غەیب بووبێتن.. لەپڕ دیار نەمان.
کەروانیمە دەمووچاوی جەستە راکشاوەکە، زۆر سەرسام بووم..
هەربەتەواوی لەوکچۆڵەیە دەچوو، کەبەخەیاڵ لەپەرستگای شارەکەدا بینیبووم.
هەستامە سەر پێ و چەند هەوڵی کردنەوەی دەرگای واگۆنەکەم دا.. بەڵام بەچەشنێك لەودیوەوە کلۆمیان دابوو.. مەحاڵ بوو، پێم بکرێتەوە.
لەسەر کورسیی نێو واگۆنەکە، دانیشتمەوە..
وام هەستدەکرد، کەهێدی هێدی، رەنگی جەستەکە زیاتر دەگۆڕێت و گۆشتی دەموچاوو پەنجەکانی، پەنماوتر دێتە پێشچاوم.
لەخۆمەوە گوتم:
(دەبێت چەند سەعات لەمەو پێش، خەوتبێتم!؟).
شەقامێکی ئەو شارەم هاتەوە پێشچاو.. کەدەیان کەس، رۆژانە بەجلی تایبەت و لەژێر چەترەکانیدا.. پیاسەیان پێدا دەکرد.
پێم وابوو.. لەنێو پیادەڕەوەکاندا، بەشوێن ئەو کچۆڵەیەدا بگەڕێم، کەلەنێو پەرستگاکدا بینیبووم.
گوتم:
(تۆ بڵێی بۆچی هێندە عەودالی گەڕان بن، بەشوێنیدا ؟!)
جارێکی دی، روانیمە جەستەی ئەو کچۆڵەیەی.. کەبۆنی گۆشتی گەنیاوی لێدەهات. نەمدەزانی بۆ دەبێت لەگەڵ منداو لەهەمان واگۆنی ژمارە حەوتدا دەیاننابێت، لەوەدابوو، کەلەجامی واگۆنەکەوە بڕوانمە وێنەی نەگۆڕاوی بیابانەکە، کاتێك هەردوو زرتە زەلامە کەڵەگەتەکەی پێشوو، دەرگای واگۆنەکەیان والاکردو یەکێکیان گوتی:
(دابەزە!)
لەوەدابوو کەدابەزم.. گوێم لەدەنگی یەکێکیان بوو:
(جەستەی کچۆڵەکەش لەئامێز بگرەو لەگەڵ خۆتدا بیهێنە).
جەستەی رەق و تەقی کچەم لەئامێز گرت و وەدوویان کەوتم.
هەر دەتگوت، لەهەمان ئیستاسیۆنی پێشووی شەمەندەفەرەکەدام، تەنانەت ئەوەی کەبلیتی دەفرۆشت، هەمان ئەوکەسە بوو، کەپێش ئەوەی بچمە نێو واگۆنی ژمارە حەوت، بلیتم لێکڕی بوو.

بەپێپلیکانەیەکی دوورو درێژدا، سەرکەوتن و پاشان بەڕاڕەوێکی تاریکدا ڕۆیشتم، هێندەی نەبرد، خۆم لەبەردەم دەرگای هۆڵێکی گەورەدا بینییەوە. کەبەدوویاندا چوومە ژوور، حەشاماتێك لەنێو هۆڵەکەدا چاوەڕێیان دەکرد، جەستەی کچۆڵەکەم لەسەر سەکۆی بەردەم حەشامەتەکە دانا.

لەوەدابوو کەلەسەر یەکێك لەکورسییەکانی نێو هۆڵەکە دابنیشم، کاتێك، یەکێك لەئامادەبووانی نێو حەشامەتەکە ئاگاداری کردم و گوتی:

(تۆ دامەنیشە، بەرامبەر بەمێزی دادوەر، قنج و قیت رابوەستە).

لەپشت مێزەکەوە، کابرایەکی بەتەمەن دانیشتبوو.. رووی تێکردم و گوتم:

(نەدەبوو، ئەوکچۆڵەیە.. وەك لەپەرستگاکەدا بینیت، بۆ وەدووی کەوتیت، بۆ بوویتە.ز پاشان نەدەبوو!؟).

بەسەرسامییەکەوە گوتم:

(رەنگە ئێوە پێتان وابێت.. چونکە لەڕاستیدا، تەنها بەخەیاڵ...)

دادوەرەکە گوتی:

(بەڵام ئەوە نییە، بەڕاستی لەنێو شارەکەی ئەودایت؟).

لەوەدا بوو، کەشتێك بڵێم..

گوێم لەدەنگی، کەسێکی نێو حەشامەتەکە بوو:

(پێناچێت، نکوڵی لەوە بکەیت.. کەساڵانێکی دوورو درێژ لەنێو ئێمەدا، ژیانت بردۆتە سەر).

پاش ماوەیەك ، لەبێدەنگ بوونی حەشامەتەکەو دوای ئەوەی دادوەر پێڵووەکانی لێك نا، هەریەکێکیان جلە تایبەتییەکانی خۆیانیان، لەبەرکردو چەترەکانیان گرت بەدەستیانەوە.

نازانم لەوکاتەدا وەدوویان کەتم، یان لەپێشیانەوە دەڕۆیشتم؟! هەرچۆنێك بوو، پاش ماوەیەك، گەیشتینە نێوەڕاستی گۆڕەپانێکی نێو شارەکە، بەبێ ئەوەی لەجلە تایبەتییەکانی ئەوانم لەبەردا بێت، یان تەنانەت چەپرێکیشم بەدەستەوە بێت، لەبەر باراندا رایانگرتم.

نازانم چەند سەعات، یان چەند رۆژو شەو.. لەوێدا رایانگرتم..

بەڵام پێم وانەبوو دڵۆپە بارانەکان.. هیچ کارێکیان کردبێتە سەرم!؟ وام هەستدەکرد کە لەبەر بارانێکی ئاساییدا راوەستاوم..

چەندم دەست بۆ دەموچاوی خۆم بردو لەپەنجەکانی دەستم روانی، هیچ گۆڕانێکم نەبینییەوە. تەنها جیاوازییەکی ئەم بارانەو ئەو بارانانەی کەپێشتر لەژێریدا راوەستابووم، ئەو حەشامەتە خەڵکەبوو، کەچواردەوریان دابووم و چاوەڕێی شتێکیان دەکرد.

پاش ئەوەی بێهودە بوون و هیوایان بەکاریگەری بارانەکە نەما..

هێدی هێدی چواردەوریان چۆڵ کردم و جێیان هێشتم. هەرچەندە هیچ لەشوێنی خۆم نەبزوام، بەڵام نازانم بۆ واهەستم دەکرد، کەڕەنگە لەنێو واگۆنی ژمارە حەوتی شەمەندەفەرەکەدا بم و لەجامەکەیەوە بڕوانمە، وێنەی نەگۆڕاوی بیابانەکە.

وەك وەبیرم دێتەوە

وەك وەبیرم دێتەوە، بارەش لەگشت لایەکەوە، گاڵەی بەخۆڵی سەرعەردی پێدەشتەکە دەکردو سەرجەم ریزە درەختی نێوەڕاستی پێدەشتەکەی خستبووە هەڵەکە سەما.

چین بەچین، خۆڵی پیدەشتەکەیس دەبردە ئاسمان و پاشان بەچەشنی خۆڵباران.. دادەبارینەخوەار. گەڵای بەهیچ کامێك لەدرەختکانەوە نەهیبڵشتبوو، کە جارەجارەو تاك و تەرا، لەگەڵ بەرزی خۆڵبارانەکەدا.. دەهاتنە خوارو پێش ئەوەی بەتەواویی بکەونە سەرعەردی پێدەشتەکە.

بەرزی دەکردنەوەو راپێچی نێو ئەو گەردەلوول و هەراو بەزمەی ئەو ساتەوەختەی دەکردن، زۆری خایاند، تا برێك هێر بوەوە و کەمێك ئاغرتر، کەوتە وێزەی هەر چییەك کە لەوێدا دەستی پێرادەگەیشت.

گەرچی لەنێو هەموو ئەوەدا بووم، کە لەو کاتەدا روییدەدا، بەڵام هەروەك ئەوەی کەلەوێدا نەبم، بارەشەکە نەئەوەبوو بەگژمدا بێت و نەئەوەش بوو، لەپشت و ئەملاو ئەولامەوە، گوشار بخاتە سەرم و پاڵم پێوە بنێت، بەڵکو لاقەی شەپقەکەی سەریشی نەدەکردم و بەئاسمان هەڵینەدەفڕاند.

وەك وەبیرم دێتەو، لەوکاتەدا قسەکانی ئەو ژنە جادووگەرە عەیارەم، وەبیرهاتەوە کەلەرۆژێکی تەماویی، ئەوشارەی کەدەساڵی تەمەنم تێدا بەسەر بردبوو..

پێی گوتبووم: تۆ وەك عیفریتی حەکایەتە دێرینەکان: بەسیحری ساحرێك.. خراویتە نێو شووشەیەکەوە تا ئەو رۆژەی یەکێك بەرێکەوت سەرەکەی دەکاتەوە.. مەحکومیت بەماناوە لەنێویدا...

ئەم ئێوارەیەو ئەو ئێوارەیەی کە ئەوم تێدا جێ هێشت.. بەتەواویی هەستم بەپەستان و گوشاری بارەشەکە دەکرد، بەتایەبت ئەو دەمەی لەشارە دێرینەکە ترازانم و رێگەی لاتەنیشتی ریزە درەختەکەی نێوەڕاستی پێدەشتەکەم گرتە بەر..

ئەو دەمەی کە لەکۆڵانەکەی نزیك ماڵیاندا، ماڵئاوایم لێکرد.. جەستەی سارد هەڵگەڕاو توندتر دارشەقەکەی لەبنباڵی قایمکرد، دوای ئەوەی چەند شەقاوێك لێی دوورکەوتمەوە، بۆ دواجار ئاوڕم لێ دایەوەو تەماشام کرد، هەروەك ئەوەی پاش پەنجاساڵ ئاوڕم لێ دابێتەوەو تێم روانیبێت، ئاوا دەموچاوو پرچەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، جگەلەوەی کە لەجێی چاوەڕەشە، زۆر گەورکانیشی.. دوو شوێن زامی قووڵ جێ مابوون کە دڵۆپ دڵۆپ و هێدی هێدی فرمێسکێکی رەشیان لێ دەهاتە دەر.

کە بەتواوی پشتم تێکرد و کۆڵانەکەم جێ هێشت و گەیشتمە سووچی سێ ریانەکە، گوێم لەزریکە دەنگێکی شێتانە بوو.. کە پێنەدەچوو قورگی هیچ کەسێك، دەنگی بەو چەشنەی لێ بێتەدەر.

لەنێوەڕاستی سێ ڕیانەکەدا، پیرەژنێکی پشت کۆمم کەوتە بەرچاو، کە لەوساتەوەختەدا قاپێ ژیلەمۆی رۆدەکرد.

داپیرەشم لەزۆر ئێوارەی شەممەدا هەروەك ئەو پیرەژنەی دەکردو پاشان سێ بەردی بەهەرسێ لادا فڕێ دەداو چاوەڕێی بیستنی یەکەمین ئاخافتنی، یەکەمین کەسێکی دەکرد، کە لەو ئان و ساتەدا بەوێدا تێپەڕ بایە، زۆر لەو کەسانەی کە داپیرەمان دەناسی و دەیانزانی نیازێکی لەدڵ گرتووەو شەمۆڵەی بۆ دەگرێتەوە.

بۆ تورەکردنی، کە بەو ئاستەدا گوزەریان دەکرد.. هیچیان نەدەگوت.

یاخود دەیانگوت: نابێت و رێی تێ ناچێت.

ئیدی داپیەرم لەوکاتانەدا، زۆر زویرو بێ تاقەت دەبوو، هەر یەکسەر ئەوناوەی جێ دەهێشت و دەگەڕایەوە بۆ نێو ئەو خانووە نزمەی، کە هەر حەوت براکەم و دایك و باوکمی.. تێکڕا لەیەر رۆژدا تێیدا مردبوو.

تەنها من و داپیرەم، لەکاتی مردنی ئەواندا، لەوێ نەبووین و نەمردین. دواتر نەئێمەو نەهیچ کەسێکی تریش، هۆکاری راستەقینەی مردنیانی، بۆ ساغ نەبوەوە.

پیرەمێردێکی بەساڵاچووی گەڕەکەکەمان پاش چەند ساڵێك لەمەرگیان..

لەنیوەڕۆی هاوینێکی گەرمدا، پێی وتم: (بابت هاتۆتە خەونم و پێی گوتووم، کەرەشمارێك لەبنمیچی یەکێك لەژوورەکانی خانووەکەتانەوە، هاتۆتە خوارەوەو یەکە یەکەیانی گەستووە).

بەڵام هەر دواتر خودی پیرەمێردەکە.. خەونێکی دیکەی بۆ گێڕامەوە، کە گوایە بەپێی ئەو خەونەی، روحێکی شەڕانگێزو شەیتان ئاسا.. لەسوچێکی خانووەکەمانەوە، لێیان وەدەرکەوتووەو ئەوانیش لەتاو ئەوەی، کە دەنگیان دەرنەچێت و کەس هاوار و فوغانیان نەبیستێت، بەهەردوو دەستان زارو کەپووی خۆیان گرتووەو یەك لەدوای یەك هەناسەیان لێبڕاوەو خنکاون.

وەك وەبیرم دێتەوە.. لەوکاتەدا، بەپیرەمێردەکەم گوت:

(باشە بۆ دەبێت، نەیانویستبێت دەنگیان دەربچێت).

پیرەمێردەکە لەوەڵامدا گوتی: (رەنگە لە سەردەمەی ئەوای تێداژیاون هاوارکردن و دەنگەدەنگ قەدەغە بووبێت).

داپیەرم لەپاش مردنی ئەوان، جگە لەوکاتانەی کەداوای خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەی لێدەکردم.. هیچ قسەی نەدەکرد، ئەودەمانەی کە یەکێك لەبەشەکانی کتێبە پیرۆزەکەشم بۆ دەخوێندەوە.. چاوەکانی بریسکەیان تێ دەزاو دەنکە مورووەکانی تەزبیحەکەی دەستیشی، رەنگی دەگۆڕرا.

بەڵام پیچش ئەوەی کە بمرێت، نەداوای خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکەی لێکردم و نەوەك هەموو کاتێك، تەزبیحەکەشی بەدەستەوە بوو.

پاش مەرگیشی، هەر لەخۆمەوە.. ماوەیەکی زۆر گەڕام بەشویچن تەزبیحەکەیدا... بەڵام لەهیچ جێگەو شوێنێکی ماڵەکەماندا، نەمدۆزییەوە.

دەنگی ناقۆڵای باڵندەیەك، کە نەمەزانی لەکێوە دەنگی دێت، زریزەی خەیاڵەکانی پساندم، کە سەرم هەڵبڕی و روانیمە پێدەشتەکە، سێبەری باڵندەیەکی گەورە، سەرپاکی رووبەرێکی بەرفراوانی پێدەشتەکەی داگیرکردبوو.

دەستم کرد بەگێرفانمدا نامەیەك و چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی گۆڕکەی ئەوم، هێنایەدەر.

سەیر لەوەدا بوو، هیچ وێنەیەکیان، لەو وێنەیە نەدەچوو.. کەژنە جادووگەرەکە، پاش حەکایەتێکی دوورو دریج، لەخەیاڵمدا بەرجەستەی کردبوو.

بەپێی قسەکانی، گوایە ئەویان بەدار شەقیەکەیەوە، لەگۆڕێکی حەوت مەتر پان و دومەتر درێژدا ناشتووە، تا هەر پیادەڕەوێك، کەبەلایدا تێپەڕببێت.. بەمەبەستی زانینی بەسەرهاتی ئەو گۆڕە سەیرو سەمەرەیە، بچێتە زیارەتی و نووسراوی سەر هەردوو کێلەکەی بخوێنێتەوە، کە گوایە هەر کەسێکی بێگانە بەشارەکەی ئەو، ئەگەر مەبەستی بێت، دێڕە نووسراوکانی سەرکێلەکانی گۆڕەکەی ئەو بخوێنێتەوە، چاوی رەشکەو پێشکە دەکات و بۆ تاوێك هیچ نابینێت.

وەك ژنە جادووگەرەکە بۆی گێڕابوومەوە، نووسراوی سەر هەدوو کێلی گۆڕەکەی ئەو.. هیچ کەسێك لەوانەی کە خوێندوویانەوەتەوە، هیچی لەبارەوە نالێن و لەبەرهەر هۆیەك بێت، هیچ لەلوغز و پەنهانەکانی نادرکێنن.

بەو پێیەی کەبرادەرەکەم، لەنامەیەکیدا بۆی نووسیبووم، گۆڕەکەی ئەو دەکەوێتە بەشی سەرووی ریزە درەختەکانی نێوەڕاستی پێدەشتەکە.

پاش کەمێك هێر بوونەوەی باڕەشەکە..

کە هەستامە سەرپێ، بەتەواویی هەستم، بەئێش و ئازاری خۆنووشتانەوەو خۆ جێکردنەوە دەچوو، لەگچکە شووشەیەکی ئەفسوناویدا.

پاش کەمێك رێکردن.. لەپاڵ ریزە درەختەکاندا راوەستام و چاوم بۆ تاکە گەڵایەك گێڕا، کەلەژێریاندا کەوتبێت، نەدەکرا باڕەش هەر هەموویانی، لەگەڵ خۆیدا بردبێتە شوێنێکی تر و تاکە گەڵایەکی بۆ ژێر خودی درەختەکان نەگەڕاندبێتەوە.

بێ ووچان، نزیکەی سەعاتێك رێم کردو ریزە درەختەکان تەواو نەبوون.

هەردەتگوت لەگەڵ هەر هەنگاویچکدا، درەختێکی نوێ دەچێتە بەشی سەرەوەی درەختەکان و ریزە درەختەکانم لێ درێژتر دەکات!؟

بەبێ وچان و پشوو، خۆم گەیاندە ئەو شارەی کەماوەی دەساڵی ژیانم تێدا بردەسەر، تابڵێی شارێکی تەماویی و سەیر بوو، تەنانەت بۆ جارێکیش لەنێو شەقام و کۆڵان و کۆچەکانیدا سیماو رووکاری هیچ کەسێکی نێو شارەکەم، نەکەوتە بەرچاو.

تەنانەت ئەو خاوەن کارەی کە کاریشم لا دەکرد، هیچ کاتێك نەیدەهێشت رووکاری ئەمە جگە لەوەی، کە سەرجەم کرێکارەکانی ئەو شوێنەی کە کاریشم تێدا دەکرد، هەمیشە دەمامکیان لەدەمووچاو دەکرد، گەر زۆر مەبەست و پێویستیش بایە، شتێکم تێچ بکەیەنن.. بەپێچەوانەی خاوەن کارەوە، کە لەگەڵم دەدوا، ئەوان تەنها بەئاماژەو ئیشارەت، تێیان دەگەیاندم.

هەموو ئەوەی کە دەمبینی و تێیدا دەژیام، هێندەی تر گرۆ تینیان، دەدایە بلێسەی ئەو ئازارە ویژدانییەی، کەهیچ کاتێك لەناخمدا خەفە نەدەبوو.

هەردەم هۆکاری جێ هێشتنی ئەوم، لا دەبووە پرسیارو هیچ وەڵامێکم بۆ نەدەزییەوە.

بەشێکی نامەکەم بیرکەوتەوە.. کە برادەرەکەم بۆی نووسیبوون:

(پتش ئەوەی کە جێت هێشت... بەسەرپۆشێکی سپی تاکە ئاوێنەیەکی نێو ماڵەکەی خۆیانی داپۆشی و لەگچکە هۆدەیەکی ماڵەیکەیاندا، کەوتە خویچندنەوەی هەر پەنجاو دوو بەشی کتێبە پیرۆزەکە.

کە گوایە بەپەنجاو دوو هەفتە، لەخوێندنەوە بۆتەوە!؟

وەك بۆیان گێڕاومەتەوە، لەشەوە زۆر تاریکەکاندا.. ماڵەکەی شەوق و نووری لێ باریوەو هەموو خەڵکی گەڕەکەکەیان، دەنگی گفتوگۆی فریشتەکانیان هاتۆتە گوێ. ئیدی هێدی هێدی، نەك خەڵکی گەڕەکەکەیان، بەڵکو زۆربەی خەڵکی شارەکەش، باوەڕو قەناعەتیان بەپیرۆزێتی و موبارەکیی ئەو هێناوەو بۆ زۆر لەکارو نیازەکانیان، دەستەودامێنی بوون.

وەك بۆیان گێڕاومەتەوە، گوایە باخچەی ماڵەکەی، لەکن فەیەکونێکدا بۆتە بەهەشتێکی رازاوەی پڕ لەگڵ و گوڵزاری سەیرو سەمەرەی بۆندار.

گوایەپەپولەکانی نێو باخچەکەی، هێندەی نەورەسێك گەورەبوون، رەنگی باڵندەکانیشی هەموو کەسێکی حەیران و شەیدا کردووە، دەنگی خوێندنو جریوەشیان، کەسانی شێت و دەمارگیری پێ ساکێن و ئاقڵ بووە.

ئیدی لەسەر داوای ئەو، سەرجەم خەڵکی گەڕەك و زۆر لەخەڵکی شارەکەش، ئاوێنەکانی نێو ماڵەکانیان، بەسەرپۆشی سپی داپۆشیوە و ببڕای ببڕ، لەوکاتەوە.. لەشێوەو ئاکاری خۆیانیان نەڕوانیوە.

پێش چەند رۆژێکیش لەمردنی، داوای هەڵکەندنی گۆڕێکی حەوت مەتر درێژو دوو مەتر پانی، لەچەند کەسێکی دیندارو نزیك بەخۆی کردووەو پێی گوتوون، کە دەبێت پاش مردنی، لەوێدا بینێژن و لەسەر هەردوو کێلی گۆڕەکەشی، ئەو دێڕەوشانە هەڵبکەنن و بنووسن، کە بەنوسراوی لەکاغەزێکدا داویەتە دەستیان).

سەرم هەڵبڕی و روانیمە ئەو ئاسمانەی کە لەوکاتەدا هیچ رەنگێکی نەبوو بێهودە بووبووم لەتەواوبوونی ریزە درەختەکان چەند دەڕۆیشتم هەروەك ئەوەی کە هیبچ رێم نەکردبێت ئاوا دەهاتە پێش چاوم.

لەئێوارەیەکی تەماویدا، ژنە جادوگەرەکە پێی وتم:

(ئەگەر دەتەوێت، لەئازاری وێژدان و دڕدۆنگی و نیگەرانی بەردەوامت رزگارت بێت، بگەڕێوە.. گۆڕەکەی بدۆزەرەوەو تێر تێر بگری).

خێراتر کەوتمە هەنگاونان و رۆیشتن...

دەبوو پێش ئەوەی شەو دابێت، بگەمە سەر گۆڕەکەی، بەڵام، درێژ بوونی ریزە درەختەکان، ئەو گەیشتنەیان لێدەکردمە مەحاڵ و تادەهات زیاتر شێتگیرو هاریان دەکردم.

تەنانەت کەوتمە گومان لەوەی کە بەڕاستی گەڕابێتمەوەو لەپێدەشتەکەدا بم وەك وەبیرم دێتەوە، لەوکاتەدا گوتم:

(تۆ بڵێی نەخەوتبێتم و خەون بەگەڕان بەشوێن گۆڕەکەیدا نەبینم).

دەرچی دڵنیابووم لەبوونی پێدەشتەکەو ریزە درەختەکان و گۆڕەکەی ئەویش، بەڵام نەدەکرا لەڕاستیدا، بەو چەشنە بێت. کەمن دەیبینم؟!

نەدەکرا هەنگاوەکان، هیچ لەدووریێتی نێوان من و گۆڕەکەی نەگۆڕێت!؟

ویستم بەنێو درەختەکاندا بچمە ئەودیوو لەوێوە بڕوانمە ئەو شوێنەی نەدەبوو گۆڕەکەی لێ بێت، لەبەرخۆمەوە گوتم:

(رەنگە لەدیوی ئەو دیوی ریزە درەختەکانەوە، گۆڕەکەیم لێ وەدەرکەوێت!؟).

بەڵام بەهیچ خۆم پێ ئاودیونەکرا، پاش ئەو بڕیارەم، هێندە درەختەکان لەیەکتر نزیك بوونەوە، کە مەحاڵ بوو، مێروولەیەکیش بەنێویاندا بچێتە ئەودیوەوە.

لەناکاو بارەش تین و تاوی دایە بەرخۆی و چینێ خۆڵی پێدەشتەکەی بەحەوادا برد، پاش تاوێك بەچەشنی خۆڵباران ریکردە خوار.

ئەمجارەشیان، هەروەك ئەوەی لەنێو شووشەکەدا بم، نەك هەر هەستم بەکمبا رەشەکە نەدەکرد، بەڵکو گەردی خۆڵیش، بەر هیچ شوێنێکی جەستەم نەدەکەوت.

لەبەرخۆمەوە گوتم:

(رەنگە بەڕاستی لەنێو شووشەکەدا بم!؟).

دەستم بەچوار دەوری خۆمدا گێڕاو هەستم بەهیچ لەمپەرێك نەکرد، پێیەکانم بزواند.. زۆر بەئاسایی بۆن دەبزواو هەنگاوم دەنا. کەوتمە رێ و دەیان جار لەیەکەوە تاملیۆنێکم ژمارد، بەڵام نەك هەر نەگەیشتمە بەشی سەرووی درەختەکان، بەڵکو هیچ پێ نەدەچوو، کەلەشوێن خۆم جووڵابێتم.

ئیدی بێهودە لەشوێن خۆمدا هەڵترووشکام.

هەر وەك ئەوەی لەنێو شووشەیەکدا بم، خۆم گرمۆڵەکردو ئۆقرەم گرت، پاشان پێڵوە قوورس بووەکانم لێك ناو خەوتم.

لەخەونمدا، من و ئەو، لەنێو کۆڵانەکانی شارێکی تاریکدا راماندەکرد.. کە عەردەکەی وردەشووشەی لەسەر رۆکرابوو، پاش ئەوەی حەوت جار پێمان زامدار بوو، کەوتینە نێو بیرێکی قووڵەوە، کەبەحەوت تەبەقەی عەردا رۆچووبووە خوار.

هەر کەکەوتینە بین بیرەکە.. بەترسەوە پێڵووەکانم ترازاند و چاوم بۆ ئەوگێڕا. بەڵام هەروەك ئەوەی کەلەگەڵمدا نەبووبێت، لەهیچ شوێنێکەوە لێم وەدیرا نەکەوت، لەناکاو ژنە جادووگەرەکەم هاتە بەرچاو.

کەزۆر بەهێمنی لێم هاتە پێش و بۆساتێك بەهەردوو دەستی چاوەکانی گرتم، کە دەستی لادا.. من و ئەو بەڕووتی لەنێو شووشەیەکدا بووین.. پرچەکانی ژاکاوو جەستەی ئارەقاوی بوو.. پاش ئەوەی کە بۆ تاوێك تێی روانیم لەشوێن خۆیدا وەك مۆمێك توایەوەو هێندەی نەبرد لەبەرچاومدا وون بوو.

کە وەئاگا هاتمەوە، هێشتاکە لەهەمان شوێنی پێشووی خۆمدا بووم.

وەك وەبیرم دێتەوە.. هەر ئەوەندەی لەبەرخۆمەوە گوتم:

(ناکرێت چیدی بەشوێن گۆڕەکەیدا بگەڕێم).

خۆم لەهەمان ساتەوەختی ئەو ئێوارەیەدا بینییەوە، کە ئەوم تێدا جێهێشت، لەکۆلانەکەی نزیك مالیاندا راوەستابووم و مالئاواییم لەکەسێك دەکرد.. کەبەبالا هێندەی ئەوبوو. دەموچاوی بەسەرپۆشێکی سپی داپۆشتبوو.. هەمان دارشەقەکەی ئەویش لەبن بالی گیرکردبوو.

لێی چوومە پێش و هەر لەخۆمەوە سەرپۆشەسپییەکەی سەیم لادا، جگە لە ئاوێنەیەك، هیچی دیکەم نەکەوتە پێش چا، بەلام چەندم تێ روانی.. شکلّ و شێوەی خۆمم نەبینی، هەروەك ئەوەی لەبەردەم ئاوێنەیەکدا رانەوەستابێتم و تێی نەڕوانم. نازانم ئەوێم چۆن جێهێشت!!؟

ئیدی پاشئەوەی هیچ  نەما بیلێم و بیگێڕمەوە..

روانیمە وێنە فۆتۆگرافییەکانی گۆڕەکەی ئەو، کەتابلێی سادەو ساکار بوو پاش ماوەیەك تەمێك چوار دەوری تەنیم و هەموو شتیچکی لەبەرچاو ونکردم.

کەویستم دەست بنێمە نێو تەمەکە.. هەستم بەوەکرد، کەلەنێ, شووشەیەکدام.

چەندم کردو دەستم گێڕا، کون و کەلێنێکم لەشووشەکەدا نەبینییەوە.

لەبەرخۆمەوە گوتم:

(رەنگە هەر لەسەرەتای گەرشانم بەشوێن گۆڕەکەیدا.. یان هەر لەورۆژەوە کەژنە جادووگەرەکە پێی گوتم، کەخراومەتە نێو شووشەیەك.. من هەر لێرەدا بووبێتم!؟ بەلام پێ ناچێت ئەو شووشەیەی کەلەنێویدام، سەرێکی هەبێت، تا بەڕێکەوت و رۆژێك لەرۆژان، کەسێك سەرەکەی بکاتەوە).

وەك وەبیرم دێتەوە، پاش ماوەیەك پێلووەکانم لێك ناو خەوتم.

## وێنە وەستاوەکانی، ساتەوەختێکی بێ ئاگاییم

لەپانتاییەکانی دوورە دەستی شوێنێکدا دانیشتم، کە پێ دوچوو پێشتر شوێن دەرگایەکی گچکە بوو بێت و دواتر پڕکرابێتەوە، مابەینی بەردەکان بۆش بوون.. کەمێك سەرووی شوێنجێگەی کرنە دەرگاکە دەلاقەیەکی تێکرابو، دوو کۆتری سپی لەوێوە سەرە تاکتیکیان لەگەلّ دەکردم...

دەستنووسەکە بەرگێکی رەشی چەرمینی هەبوو.. بەبۆییەکی سپی و بەخەتی فارسی لەسەری نووسرابوو: (دەستنووسی- پەلە خەونەکان- نوسینی: س)....

(.........!!!؟؟؟).

لاپەڕەکانی بەچەشنی هێلکاری هەلبەزین و دابەزینی دلی نەخۆشێك رەش کردبۆوە...

هەندێ لاپەڕەی راست و چەپی بەسەردا هێنەرابوو، هەندێکیشی لێکرابۆوە.. دوالاپەڕەی دەستنووسەکە ئیمزای (س)ی پێوە بوو.

سەرێکم هەڵبڕی و روانیمە دەوروپشتی خۆم!؟...لەوێنەکە ئوتۆمبیلێکی مۆدێل کۆنمدابینیەوە.. بێجگە لەمن وشۆفێرەکە سێ کەسی دیکەی تێدابوو، تەنها دەیانڕوانییە وێنەیەکی هەڵواسراوی سەرجامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە..

لەوێنەکە ورد بومەوە لێی حاڵی نەبووم.. تەڵخ و تێکەڵ دەهاتە بەرچاوم...

شۆفێرەکە بەبێ چاوتروکاندن، دەیڕوانییە هەمان وێنە.

لەکەسی ئاسایی نەدەچوون، بێ جوولە و پەیکەر ئاسا تەنها لەیەك خاڵیان دەڕوانی، وردتر سەرنجی ئوتۆمبیلەکەم دا.. نەدەچووە پێیچش ولەجێی خۆی نەدەجولا، کەچی لەهەمانکاتدا، دیمەنەکانی دەوروپشتی ئوتومبیلەکە دەگۆڕان؟

جارجارە خێرا دەگۆڕان و جار جارەش هێواش دەبوونەوە، لەزۆر ساتیشدا دەوەستان، ئوتومبیلەکە بەنێو شارۆچکەیەکدا تێپەڕی.. لەهەموو سووچ و قوژبن و کووچە و کۆڵان و گۆڕەپانێکدا.. پەیکەر و وێنەی کەسێك دووبارە دەبۆوە.. کە تێم دەڕوانی بەرچاوم تەڵخ دەبوو.. هیچم نەدەبینی و پاشان لەبەر چاوماندا ون دەبوو.

هیچ بوونەوەر و زیندەوەرێکت نەدەکەوتە بەرچاو.. تەنها درەختێکی نێوەڕاستی گۆڕەپانی سەرەکی سەرەکی شارۆچکەکەش، وێنەیەکی کاڵ و کرچ و بێ مانا بوو، کەسێکی نەشارەزا بە رەنگێکی خۆڵەمێشی کێشابووی..

دواتر ئوتومبیلەکە هاتەوە سەر شارێگەی سەرەکی و بەلۆفەکانی چیایەکی بەرزدا هەڵگەڕا و پاش چەند سەعاتێك وگەیشتە سەر لوتکەی چیاکە و شەومان لێداهات، لەبەردەمی کۆشکێکدا راوەستاین.. لەنهۆمی بەرزەکانیدا یەك دوو چرا دەسووتان.

شۆفێرەکە هەر چوار دەرگاکەی والا کرد... دابەزین و جێیان هێشتم..

پاش ئەوەی تاوێچك سەرسامانە روانیمە دەوروپشتم.. ئوتومبیلەکەم جێ هێشت.

دارستانێکی بەسام و چڕ و پڕ چوار دەوری کۆشکەکەی دابوو.. نەمدەزانی بەرەو داستانەکە زمل بنێم، یان بچمە نێو ئەو کۆشکە نێهێنییەی کە نەمدەزانی چی تێدایە؟

هەر چۆنێك بوو، رێگەی نێو دارستانەکەم گرتە بەر و تاوێك هەنگاوم نا..

لاقم دەئێشا... سەرم وەگێژەوە دەچوو.. بەئەستەم خۆم بەپێوە دەگرت.

پرسیارەکان لەمێشکمدا هێندە زۆربوون.. کە هیچیانم بۆ وەڵام نەدادرایەوە..

دەنگی خشپە و هانکە هانك و هەناسە بڕکێی چەند شتێکم زدەهاتە گوێ.. جارە جارە بەئیقاعێکی بەرز دەنگی باڵندە و دەعبای سەیر وسەمەرەم دەبیست.

دارستانێکی چڕ و پڕ و تاریك..

تەنها چاو.. پاش سەعاتێك هەنگاونان و رۆیشتن لەنێو کۆمەڵێ دەوەنی چڕ و پڕدا کانیەکەم بینیەوە.

لەتێنویتیدا راکشام و دەمم لەکانیەکە وەردا.. بەڵام هەروەك ئەوەی وێنەیەکی بەدەست کێشرا و بێت.. قومە ئاوێك نەهاتە دەممەوە.. کەلێی دوور کەوتمەوە، دەبووە کانیەکی راستەقینە و کرمۆکە زیندەورە ئاوییەکانی نێوی دەکەوتنە جوولە.. ئاوێکی سازگاری لەبەر دەڕۆیشت.

دار و درەخت و گژوگیای نێو دارستانەکەش، کە دەستی منیان دەگەیشتێ.. لەجێی خۆیان وەکو وێنەیەك رادەوەستان و نەرمی و نیانیان تێدا نەدەما، لەنێو دارستانێکی پڕ وێنە و دیمەنی جۆراوجۆردا وێڵ و عەوداڵ بوو بووم.

لەهەر رێچکەو رێگەیەکی دارستانەکەوە رێگەم بگرتایەتە بەر، دەچوومەوە بەردەم کۆشکەکە، پاش ئەوەی بێهودە بەنێو دارستانەکەدا دەیان جار گوزەرم کرد و تێپەڕیم..

بەپێپلیکانەیەکی دوور و درێژدا هەنگاوم نا و چوومە سەر.. بە درێژایی شەو پێپلیکانەکانم بڕی و لەبەرەبەیاندا خۆن لەبەردەم یەکێك لەدەرگاکانیدا بینییەوە.. گەرچی هەروەك ئەوەی کە دەرگاکە داخراوبێت.. زۆرم لێدا و چاوەڕێم کرد؟! بەڵام دواتر ئەو راستییەم لا ئاشکرا بوو، کە هەر لەسەرەتاوە بەکراوەیی جێهێڵرا بوو..

هێدی هێدی دەرگاکەم تەواوە ختە سەر پشت و چوومە نێو هۆڵێکی گورە.. لەهەموو سووچ و پەنایەکدا وێنە و مۆمیای باڵندە و ئاژەڵی جۆراوجۆرت دەبینی، بە دیوارەکانییەوە چەندەها چەشنی جۆراو جۆری چەك و تفاقی راوکردن هەڵواسرابوو.

هۆڵەکەم تێپەڕ کرد و بە پێپلیکانەیەی تەسك و تروسکدا، کە بەو نهۆمی دووەمی کۆشکەکە دەچوو... سەرکەوتم.

بەخێرایی پێپلیکانەکانم بڕی و خۆم بەرامبەر بەسێ هۆڵی جیاجیا بینیەوە، کە لەسەر یەکێکیان (هۆڵی کتێبخانە) نوسرابوو.. چوومە ژوور و کەوتمە تاوتوێ کردنی کتێبەکانی، سەرجەم کتێبەکانی مێژوویی بوو.. ئەوەی کە سەرنجی راکێشام.. دەستونووسی (پەڵە خەونەکان- نووسین: س) بوو.

لەسەر کورسییەکی تەختەی نزیك مێزێکی شوشە دانیشتم و کەوتمە خوێندنەوەی دەستنوسەکە؟؟؟ (.....!!!؟؟).

پاش ئەوەی دەستنوسەکەم جێ هێشت و لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە روانیمە دەرەوەی کۆشکە کە.. لەشوێن جێگەی دارستانەکەدا پانتایی بیابانێکم هاتە بەر چاو.. قولەیەکی سپی لەنێو راستیدا قوت بوو بۆوە...کەسیکی دەماککراو بەپەیژەیەکدا هەڵدەزنا و دواتر گەیشتە بەرزترین خاڵی قولەکە و دەستنوسێکی بەرگ رەشی چەرمینی لەهەگبەکەی دەرهێنا و لەنێو ئەو سندووقەی نا کە لەسەر قولەکە راگیربوو..

ساتەوەختێك دیمەنەکە لەبەر چاومدا وەکو خۆی مایەوە.. پاشان قوولەکە و سندووقەکەی سەری بە چەشنی وورده کاغەز بەربۆوە و داباریيە خوار.

روانیمە دەستنووسەکە، پێشتر لەسەر مێزەکە جێم هێشتبوون.. لەجێی خۆیدا نەمابوو.. هەموو سووچ و قوژبنێکی کتێبخانەکە گەڕام.. چەکمەجە و دەرگای دۆڵابەداخراوەکانم یەك لەدوای یەك کردەوە و هیچم نەبینییەوە.

کۆشکەکەم جێ هێشتوو پاش ئەوەی گەیشتمە سەر کانییەکەی نێو دارستانەکە...

بۆ تاوێك رۆژوومە نێو خەونە ساتێکی خۆڵەمێشی.. باییکی سارد بەئاگای هێنامەوە، نەرمایی گوێچکەمی توێکاری دەکرد....

ئیدی ئەو دەمە خۆم لەنێو ئوتومبیلێکی مۆدێل کۆندا بینییەوە، کە جامەکانی واەڵا بوون.. هێشتا کە لەجێی خۆماندا راوەستابووین....!!؟؟ سەیری گۆڕانی وێنە و دیمەنەکانی دەوروپشتی خۆمانمان دەکرد